# کاره تیرۆریستیەکانی رژێمی بەعس لەئەوروپاو چالاکیەکانی ئۆپۆزسیۆنی کورد



نوسینی
د.سالار باسیرە

**ئەم کارە تیرۆریستیانەی بەعس لە دەرەوەی ولاتیش دژ بە کوردو ئۆپۆزیسۆنی عێراقی دەکرێ وەك بەلگەنامە دژ بە ڕژێمی بەعس بەکار بهێنرێت**

ناوەرۆك

پێشەکی
ئەلمانیا و چالاکیەکانی رۆژانی پێش راپەرین، (کارەساتەکەی بۆن)
پۆلیسی ئەلمان، پەیامەکەی من و تاکتیکی بەعسیەکان
گرنگی سیاسی ئەم روداوانە بۆ کورد
ئەو چالاکەیەی کە دواچرکەکانی کوردستانیەتی پێوە دیاربوو
ئەو کەسەی کە جاسوس بوو بەسەرمانەوە
کاتی بەرێکەوتنمان بۆ بەردەم سەفارەتی عێراقی

تاکتیکی سەربازیی دوەمی بەعسیەکان
دوبارە گەرانەوەم بۆ هەمان گۆرەپانی روداوەکە
گرتنی کەس و کارم لە سلێمانی لەلایەن بەعسەوەو دەرکردنیان لە عێراق
لە بۆنی پایتەختەوە بۆ شاری فرانکورت
کارەساتەکەی فرانکفورت / داگیرکردنی کەنیسە گەورەکە
ئەو خوێندکارە هندەی لەپێناوی ئێمەدا هەرەشەی خۆکوشتنی کرد
کارەساتەکەی بەرلین/ پلانی تەقاندنەوەی کۆنگرەکەمان
پلانی دەستگیرکردنی دوو تیرۆریستە بەعسیەکە
پێچەوانە بوونی هاوکێشەکە
چالاکیەکانم لە ئەلمانیای رۆژهەلات لەکاتی جەنگی عێراق – ئەمریکا دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە
رێزگرتن لەبەعسیەکان و چەوساندنەوەی ئەندامانی حشع لە بولغاریا
سزادانی خوێندکارە کوردەکان لە مۆسکۆ بۆ بەرژەوەندی بەعس
چالاکیەکانی دوای راپەرین لەئەوروپاو داگیرکردنی سەفارەتەکانی عێراقی
هێرش بردنە سەر سەفارەتی کوبا
بەعسیەکان لەئەوروپا کەوتنەوە خۆ رێکێخستن
عبدالجبارالکبیسی کێیە
یەکێك لە بنکەی ئەلمانیای بەعسیەکان
ئەم کێشەیەو هەلوێستی حیزبی شیۆعی عێراقی
دەسەلاتی کوردی چی کردووە؟
کورتەیەك لە ژیانی نوسەر

## پێشەکی

دورودرێژە لیستی تاوان وکارە تیرۆریستیەکانی رژێمی بەعسی روخاو دژ بەکورد وئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بەگشتی لەدەرەوەی ولاتیش، کورت نیە لیستی چالاکیەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئەو زەمەنە مێژوییە دژ بە رەفتارو سیاسەتە تیرۆریستیەکانی بەعس لەدەرەوەی وولات. من لەم نوسینەدا باس لە بۆچوون وئەزمونەکانی خۆم دەکەم لە ئەلمانیا

4وباش دەبێت کەسانی تریش بەنوسین و گێرانەوەی ئەزمونەکانی خۆیان لەو ولاتانەی کەتێیدا دەژین ئەرشیڤی تاوانەکانی بەعس دەولەمەند بکەن. لێرەدا چەند نمونەیەکی هەمە چەشنەم هەلبژاردوە لەسالانیکی جیاوازداو لەشوێن و زەمەنی جیاوازدا. ئەم نوسینەم دەمێکە ئامادەکردبوو بەلام دەرفەتی بلاوکردنەوەیم نەبوو. هەر بەهەمان شێوە دەرفەتی کۆکردنەو نوسینی روداوەکانی ترم نەبووە هەتا بەرواری روخانی بەعس. بەهیوای ئەوەی لەدەرفەتێکی تردا بتوانم بەم ئەرکە ئەستم. ئێستە دوای کەمێك دەستکاری کردن دەیخەمە بەردەم خوێنەران. ئەو رۆژانەی کەچوومە ئەلمانیا سالی 1976 بوو. بە ژمارە زۆر کەم بووین بەلام بە چۆنایەتی باش بووین و بەچەند کوردێکی کەمەوە دەمانتوانی چالاکی و کاری سیاسی گەورە ئەنجام بدەین چونکە خاوەن مەبدەئ بوین. زۆر کەمن ئەوانەی کە وەك هەمیشە بونەتە سوتەمەنی بۆ ئەوانەش کە نەك هەر هیچ ئەنجام نادەن بەلکو بەردەوامیش وارەفتارمان لەگەلدا دەکەن هەروەك ئێمە راگیرابین بۆ خزمەتی ئەوان، بەسەر گیانی ئێمەدا بپەرێنەوەو بەرهەمەکەی بخۆن. لایەك لەسەر حیسابی لایەکی تر پێبگەن. لێرەدا مەبەستم لەحیزبایەتی کردن نیە بەلکو بەلایەنی کەمەوە کوردایەتی و ئینسانیەتە بەلایەنی کەمەوە مرۆڤ لەپێناوی مافەکانی خۆیدا تێبکۆشیت.

## ئەلمانیا و چالاکیەکانی رۆژانی پێش راپەرین
## - کارەساتەکەی بۆن -

لە 21–1982/4/24 لە ناو چەقی شاری (BONN) ئەوکاتەی پایتەختی ئەلمانیا دەستمان کرد بە مانگرتنێك لە خواردنی چوار رۆژیی دژ بە سیاسەتی فاشستانەی رژێمی بەغدا لە کوردستان و لە عێراقدا. لەرۆژی کۆتای چالاکیەکەدا بریار وابوو بە خۆنیشاندانێك کۆتایی بەماگرتن و چالاکیەکە بهێنین بەوەی بەرەو بالیۆزخانەی عێراقی بکەوینە رێگا و لەبەردەمیدا کۆبینەوە بەئامادەبوونی میدیاکان یاداشتنامەیەکی نارەزایی بدەینە سەفیری عێراق. بۆ ئەم مەبەستە چادرێکی گەورەمان لەناو گۆرەپانی شاری بۆنی پایتەختدا دامەزراندو چەندین دروشمی گەورەمان بەزمانی جیاواز لەسەر نوسی. نزیکەی بۆ سەد رێکخراوی سیاسی و سەندیکایی و خێرخوازی و بیانی و بالیۆزخانەکان نامەمان ناردو سەرنجیانمان بۆ ئەم

چالاکیە راکێشا کە رۆژانە لێیان دەهاتن وسەردانییان دەکردین و هەوالەکەیان دەگواستەوە. هەر لەرۆژی یەکەمەوە کاربەدەستانی بالیۆزخانەی عێراقی کەوتنە هەرشەکردن لێمان و وێنە تۆمار کردنمان و چەك نیشاندان بەرامبەرمان. سەفارەتی عێراقی بێهەبونی مۆلەتی حکومی بەنزیکەی 120 بەعسیەوە کە فەلەستینی و لبنانیشی تێدا بەشداربوون بە چەقۆ و بە ئاسن و داری تیژکەرەوە لەدوا رۆژی چالاکیەکە بەرامبەرمان وەستان بەوێنەی سەدامەوە، و دواتر لە کاتی بەرێکەوتنمان هێرشیان کردە سەرمان کە ئێمە لەرۆژی مەسیرەی خۆنیشاندانەکە ببوینە چل هەتا پەنجا کەسێك کە بۆ ژمارەی ئەو کاتەی ئەلمانیا باش بوو. شەر دەستی پێکردو ئێمە تەنیا نزیکەی چواردە کەسێکمان چوە گۆرەپانی شەرەکەوە چونکە ئەوانەی تر ژن و مندال بوون، یان هەندێك لە ترساندا خێرا هەلاتن و خۆیان شاردەوە کەلەناویاندا کەسانێك هەبوون کە پێشتر قسەی زل و شۆرشگێرانەی بەسەردا دەرژاندین و بەرپرسی دیاری یەکێتی بوو. لە هەردولا نزیکەی 26 کەس برینداربوون کە یەکێکیان د.ئەحمەدی برام بوو کە 10 رۆژ لە خەستەخانەی پیترۆسی شاری بۆن مایەوەو برینداریەکەی سەخت بوو. هەڤالێکی ترمان دەرنەفیزێکیان کرد بەسکیداو یەکێکی تر بە خەستی بەر چەقۆ وەشێنەکانی بەعسیەکان کەوت. دوان لە بەعسیە هێرشکەرەکانیش لەهەمان خەستەخانە نۆژداری کران چونکە برینەکانی ئەوانیش سەخت بوو کە یەکێکیان چەقۆیەك ئۆرگانێکی ناوەوەی بریندار کردبوو، هەندێکی تریشیان ئیتر لەبەر هەر هۆیەك بوبێت لەناو بالیۆزخانەی عێراقی خۆیدا تەداوی دەکران.

## پۆلیسی ئەلمان، پەیامەکەی من و تاکتیکی بەعسیەکان

بەلام حکومەتی ئەلمانیا بۆ بەرژەوەندی ئابوری و دبلۆماسی باشیی خۆیان لەگەل حکومەتی بەغدا هیچ کام لە تەحەداکەرو تیرۆریستە بەعسیانەیان نەدا بەدادگا. تەنانەت ماڤی بریندارەکانیشمان لە دەولەتێکی قانونی چوە ژێر دەریاوەو رۆیشت. من وەك بەرپرس و رێکخەری چالاکیەکە هەر لەرۆژانی یەکەمەوە زیاتر لە جارێك ئاگاداری پۆلیسم کرد کە ئەم بەعسیانە نیازی شتێکیان هەیەو لەوانەیە چەکدار بن کەچی رێگایان پێدان و بلاوەیان پێنەکردن هەرچەندە خۆنیشاندانی پێچەوانەکەی ئەوان دژ بە ئێمە پێش هێرش کردنەکەیان بێ مۆلەت بوو. بەعسیەکان دروشمی دژ بە ئێران و بە دەیان وێنەی ئایەتولا خومەینیان بە شێوەی کاریکاتۆر لەسەر مقەبا هێنابوو، قسەی ناشیرین و جنێویان لەسەر نوسیبوو. بەمەش تاکتیکێکیان هەبوو کە وا نیشانی رای گشتی بدەن کە ئێمە سەر بە رژێمی ئایەتولا

خومەینین کە ئەو کاتە دامودەزگاکانی راگەیاندنی ئەلمانیاو رۆژئاوا بەگشتی بە خراپە لەسەر ئێرانیان دەنوسی وسیاسەتی ئەوکاتەی ئەلمانیا لەکاتی شەری عێراق – ئێران وای پێویست دەکرد بەم شێوەیە هەلوێست وەربگرن.




بەعسیەکان پێش هێرش کردنەکەیان و بەرزکردنەوەی وێنەی سەدام حسێن، پۆلیسی ئەلمان لەنێوانماندا

دوای داگیرکردنی کوێت بەپێچەوانەوە حکومەت وبەشەکانی میدیا سیاسەتیان گۆری. لێرەدا ئەو راستیە دەردەکەوێت کەدەزگاکانی میدیا لەولاتێکی وەك ئەلمانیای ئەوروپای رۆژئاوادا لەژێر کاریگەریی مۆنۆپۆلدایە. لەلای ئێمەوە حەوت بریندار هەبوو. هێزی پۆلیسیش بە رێگای وێنەگرەکانی خۆیەوە بەسەدان وێنەیان تۆمار کردبوو کەراستی روداوەکانی دەخستە روو، بەلام دادگا (500) مارکی ئەلمانی سزایان لە د.ئەحمەدی برام سەند بە تۆمەتی ئەوەی کە بیّ وەرگرتنی مۆلەتی کاربەدەستان بەشداری لەم چالاکی ماگرتن و خۆنیشاندانە کردوە دژ بەرژێمی بەعس و چۆتە شارێکی تر بۆ ئەم مەبەستە. ئەو بێگانانەی کە پەناهەندەییەکەیان هێشتا قبول نەکراوە جگە لەو ناوچەیەی کە بۆیان دیاری کراوە هەتا قبولکردنی داواکەیان بۆیان نیە شوێنی دیاریکراوی خۆیان جیّ بهێلن، بەلام سزا دانەکەی د.ئەحمەد زیاتر بریارێکی سیاسی بوو وەك لەوەی یاسایی بێت کەبۆ بەرژەوەندی حکومەتی بەعس گەرایەوە. لەگەل هەموو ئەو رەفتارە نایاساییانەی کە حکومەتی ئەلمانیا لەگەل ئێمەدا کردی بەلام لەگەل حکومەتی عێراقی بەعسدا هەندی کێشەو ناکۆکی هەر بۆ دروست بوو، و بە دلنیاییەوە ئەم رەفتارەی حکومەتی عێراقی بەعس بە رێگای سەفارەتەکەیەوە وێنەیەکی ناشیرین و خراپی بۆ خۆیان جێهێشت و بۆ ئێمەش ئەزمونێکی گرنگ و چالاکیەکی

سیاسی سەرکەوتوو بوو. ئەگەر ئێمەی کورد یەهودی بوینایە بە دلنیاییەوە سەرجەم کێشەکە رویەکی تری بە خۆیەوە دەگرت. هەمیشە و دوبارە لە کەنالەکانی تەلەفزیۆنیشدا دەبینم کە چۆن وەزیر و سەرەك کۆمارو سیاسەتمەدارەکانی ئەلمانیا دەچنە ئیسرائیل و خێرا کلاوە بچوکە یەهودیەکەیان دەکەنە سەرو خەریکی پارانەوەو لێبوردنن لەوەی کەئەلمانیای نازی بەرامبەر گەلی یەهود ئەنجامیدا، بەلام بۆ کارەساتەکەی هەلەبجە و فرۆشتنی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی و دروست کردنی دەزگاکان بۆ حکومەتی عێراقی و بە دەیان شتی تری لەم جۆرە کە تەنانەت بەشداربوونیان لە دروستکردنی پرۆژەی (مجمعات)ەکانیش بۆ ئێمەی کورد لێبوردن لەم لایەنەوە هەتا ئەمرۆکەش هەرگیز ووشەیەك نەبوە، چ جای یارمەتیدان و قەرەبووی زیانەکان بۆمان. جگە لەوە کورد لۆبی نەبوە، لەئینجیلی ئاینی مەسیحیدا دەلصت: "تۆبۆت نیە قەتل بکەیت". لە یادمە کە سەرۆکی پارتی سۆشیال دیموکراتەکانی ئەلمانیاو سەرۆکی سۆشیال ئینتەرناسیۆنالیستی کۆچ کردو ڤیلی براند لە تەلەفزیۆندا ووتی:" جیاوازی چیە لە نێوان ئەوەی تۆ خۆت راستەوخۆ کەسێك بکوژیت، یان ناراستەوخۆ ببیتە هۆی کوشتنی کەسێکی تر".



**رۆژی کۆتایی چالاکیەکەو هەرەشەی سیخورەکانی بەعس**

دوو رۆژ پێش روداوەکە سیخورەکانی سەفارەتی عێراقی لە ئوتومبیلێکەوە بە کامێرای ڤیدیۆ وێنەیان تۆمار کردین. کە برادەران هێرشیان کردە سەریان بۆ ئەوەی کامێراکەیان لێبستێنن دەمانچەیان دەرکردو بە ناو چەقی شاردا دەرباز بوون. چەند جارێك لە لایەن ملحقی عەسکەری و شوعبەی سیاسیانەوە هاتنە لامان و هەرەشەیان لێکردین کە دەست لەم

چالاکیە هەلبگرین بەتایبەت ئەم جۆرە چالاکیە بۆ ئەو کاتە روداوێکی گەورە بوو. بە دەیان لە سەفارەتەکان و پارت و رێکخراوی ئەلمانی و عەرەبی و بیانی و سەندیکا و رێکخراوە مرۆییە ناوخۆ و نێودەولەتیەکان وەك (مجلس الكنائس العالمی) و ئەمنستی ئینتەرناشنال و نوێنەرایەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان هەر لە شاری بۆن و شوێن و دەزگاو شارە گرنگەکانی ترو بەشەکانی میدیا کە ئاگادارمان کردبوون رۆژانە نوێنەریان دەهاتنە لامان و هەوالەکانیان دەگواستەوە. چەند یەکێکیش لە برا عەرەبە عێراقیەکانیش بەشداری دلسۆزانەی ئەم چالاکیەی ئێمەیان کرد. من خۆم شەخسیی کە لێپرسراوی تۆمارکردنی یاسایی چالاکیەکە بووم و لەمالەکەی منەوە چالاکیەکە رێکخرا چەند جارێك کاربەدەستانی پۆلیسم لەجموجول و هەرەشەی سەفارەتی عێراقی ئاگادارکرد کە پیاوەکانیان نیازی شتێکی خراپیان هەیە لە دژمان ئەنجامی بدەن، بەلام گوێیان دادەخست لێی، یان نەیاندەویست شتەکە بەجدی وەربگرن. خالێکی تر لەم روداوە بۆ بەرژەوەندی سیاسی حکومەتی ئەلمانیا ئەوەیە کە ئەم پێکدادان و ناکۆکیانە بەزیان دەگەرێتەوە بۆ ئابرۆی بێگانە بەتایبەت هی رۆژهەلاتیی کە دەتوانرێت بازرگانی سیاسی پێوە بکرێت و بە خراپ ناوی بچێتە ناو دۆسیەی ئاسایش و دەولەتەوەو بۆ بەکارهێنانی بۆ راکێشانی رای گشتی بۆی بەسلبی. ئەم یاریکردن و سیاسەتانە شتێکی نوێ نیە لەمێژوداو دەمێکە لێی تێگەیشتوین.

## گرنگی سیاسی ئەم روداوانە بۆ کورد

هەربۆیە پێویستە هەرگیز ئەم شیوەی سیاسەتە نێودەولەتیانەمان بەرامبەر بەکورد لە مێژوودا لەیاد نەچێت. لەئەرشیڤی نەتەوەییماندا هەلیبگرین و لێیان بکۆلینەوەو وانەو پەندیان لێوەربگیرێت. ئەمە یەکێکە لەو هۆیانەی کە بۆچی وا بەتیروتەسەلی روداوەکان دەگێرمەوە چونکە گرنگی سیاسی و دیبلۆماسی خۆی هەیە، گرنگی ئەوەش چۆنە ئەگەر نەتەوەیەك خاوەن لۆبی و کیان و کورسی خۆی نەبێت و هەستی نەتەوەیی تێیدا کز بێت و خاوەن هەلوێستی یەکگرتوو نەبێت. ئەم روداوانەی کەلەم بابەتەدا باسیان لێوە دەکەم نە شەری قەیوانە و نە داستانی شەرەکانی ئاسۆس و قەرەداخە، بەلام لاپەرەی خۆی هەرداگیر کردوە لەتێکۆشانی دبلۆماسیدا. هەرچەندە مێژوش وابوە کە ئەگەر ئابوری و دەسەلات و نەوت و جوگرافیای گرنگ کەوتە دەست ئێمەش ئەوەی دوێنێ دەولەتێکی دیموکرات بۆ رژێمی بەغدایان کرد ئامادە دەبن ئەوکاتە بۆ ئێمەشی بکەن، بەرژەوەندی و سەرمایە

میللەتان و ماف مرۆڤ و من و تۆ ناناسیت. ئەم روداوەی باسم کردوە لەباکگراوندا ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دۆستەکانی پێی هەستاین. کاتی خۆی بە وێنەوە لاپەرەکانی چەندین لە رۆژنامە و بەشەکانی میدیای ئەلمانیا و ولاتانی دەرەوەی پرکردەوەو روداوێکی لە روی راگەیاندن و سیاسیشەوە گەورە بوو. بە چەند کەسێکی کەمەوە توانیمان چالاکی گەورە بەئەنجام بگەیەنین و بومەلەرزە بخەینە ژێر پێی سەفارەتەکەی رژێمی بەعسەوە و زیان بە ئابرۆی رژێمی عێراقی بگەیەنین و ناوی خراپیان بچێتە ناو دۆسیەی دەولەتانەوە.

## ئەو چالاکەیەی کە دواچرکەکانی کوردستانیەتی پێوە دیاربوو

چەند هاوولاتیەکی باکوری کوردستانیش لەرۆژی کۆتایی مانگرتنەکەدا کەبە رێپێوانێك دەکەوتینە ری بەرەو سەفارەتی عێراقی بەشداری چالاکانەیان کردین، بەم هۆیەوە لە شەرەکەشدا بەشدارییان کرد. لەم چەند کاتژمێرەی کۆتایدا لە راستیدا چەند هەڤالێکی کوردستانی سوریاش بەشداریان تێدا کرد کە یەکێکیان قادر حەنان بەخەستی بریندارکرا لەلایەن بەعسیەکانەوە (بروانە وێنەکەی خوارەوە).



**قادر حەنان، لەکاتی بریندار بونیدا لەلایەن بەعسیەکانەوە**

کتوپر دیوێکی کوردستانیەتی تەواوی و بەبەشداربونی چەند برایەکی عەرەبی عێراقی هەرلەسەرەتاوە دیوێکی عێراقیشی بەخۆیەوە گرت و بەم هۆیەوە پێکەوە بە راستی هەستی بەهێزی و سەرکەوتن تیاماندا هەموو چرکەیەك لەکلپەدا بوو. هیچ سنورێکی دەستکرد نەمابو هەروەك کوردستان هیچ کات دابەشکراو وکۆلۆنیزە نەبوبێت. بۆ من بەهەموو هیلاکی وئازار و ناخۆشیەکیەوە یەکێك بوو لەرۆژە خۆشەکانی ژیانی ئاوارەییم، ژیانی سیاسی و رۆژانی تێکۆشانی نەتەوەیم. بەلام هەرچەندیش بیرم لەوە دەکردەوە کە هەر لە کوردەکانی کوردستانی عێراق بوون کە ئەوراقی گرنگی ئەو پاسەیان لێدزیم کە لەسەر حیسابی خۆم بۆ چەند رۆژیك بۆ چالاکیەکە بە کرێم گرتبوو لە شاری زیگنەوە چونکە ئەو کاتە ئەم جۆرە بەلگەنامانەی ئوتومبیل باش بەکار دەهێنرا بۆ ئوتومبیل پێبردنە دەرەوە لەئەلمانیا بۆ ولاتانی وەك لبنان. هەروەها بردنی هەموو ئەو بەتانی و پێخەفە تایبەتیانەی کە مرۆڤ بۆ شاخ و داخ و سەرماو پاراستن لەحەشەرە بەکاری دەهێنێت کەهی ئەندامانی ( amnesti international)ی شارەکەی خۆم بوو ( شاری زیگن) کە لێم وەرگرتبون بۆ ئەم چالاکیە کە شەوانە لەناو چادرەکەدا پێی دەنوستین. ئیتر چەم بێ چەقەلیش نابێت.

## ئەو کەسەی کە جاسوس بوو بەسەرمانەوە

یەکێك لە شتە زۆر ناخۆشەکان ئەوە بوو کە هاولاتیەکی کوردی شاری کەرکوك کە بەهۆی براکەیەوە کە تارقی ناوبو (تارق کەرکوکی) دوو رەگەز بوو، دایکی کورد بوو، باوکی عەرەب، بەلام هەستی کوردایەتی تێیدا زالتر بوو بەردەوام دژ بە رژیمی بەغدا دەجەنگا. ئەم کەسە پاش ماوەیەك کەشفی کرد کە براکەی خۆی سەر بە رژێمی بەغدایەو شەوی یەکەم و کۆتایی کە دیار نەبوو لەناوماندا لەسەفارەتی عێراقی نوستوەو بە رۆژیش زیاتر لە ناو ئێمەدا بوو. پێش رۆیشتنەکەمان بەرەو شاری بۆن لە مالەکەم لە شاری زیگن بەڤیدیۆ وێنەی تۆمار کردین ودیارە سەرنجی باشی کۆکردبۆوە لەسەرمان. ئاخۆ ئەو شەوانەی لە ژێر چادرەکەمان نەدەنوست سەفارەتی عێراقی نەخشەی فرێدانی رومانەیەکی هەبوە بۆ ناومان. ئەم کوردە خراپە کەزیادی ناوبو لەگەل کەسێکی تونسیدا بۆ رژێمی عێراقی کاریان دەکرد. دواتر لە ترساندا گەرایەوە بۆ عێراق و لەپال سێبەری رژێمدا مایەوە.

## کاتی بەرێکەوتنمان بۆ بەردەم سەفارەتی عێراقی

لەکۆتایی مانگرتنەکە ویستمان بە کۆمەلێك ئوتومبیل ودروشمەوە بەناو شاردا بەرەو سەفارەتی عێراقی بکەوینە ری. بەعسیەکان کوتوپر هێرشیان کردە سەرمان و شەرێکی خوێناوی دەستەویەخە لەنێوانماندا رویدا. ئەوان زیاتر لە سەد بەعسی و ئیمەی ئەوانەی جەنگان دوانزە کەسێك دەبوین. جار هەبوو بریندارە بەعسیەکان و ئەوانەی ئێمە پێکەوە دەخرانە ناو ئوتومبیلی پۆلیس و ئیسعافەوەو لەناو ئوتومبیلەکاندا دەبوە شەرێکی قورس و دەهێنرانەوە دەرەوە چونکە پۆلیس نەیدەزانی کیَ کێیە. یەکێك لە بەعسیەکان کەوتە ناو تۆری چەند هاولاتیەکی کوردەکانی باکورەوە، کە بە داری دروشمەکان دایانە بەر لێدانێکی باش. لە رۆژنامەیەکی مەرکەزیی لە رۆژی دوایدا وێنەیەکی ئەمەشی تێدا بوو کەنوسیبویان بەو هەموو بەعسیەوە لەکوردێك ئەدەن. (**بروانە وێنەکەی خوارەوە**).



**ئەو بەعسیەی کەوتۆتە ناوەراستی لیدانی کوردەکانەوە**

## تاکتیکی سەربازیی دوەمی بەعسیەکان

تاکتیکی بەعسیەکان وابوو کەدوای شەرەکە زوو خۆیان بەرەو سەفارەت کێشایەوەو لەویَ ئەو درندانە بە تێلاو داری تیژکراوەو چەقۆوە چاوەرێیان دەکردین چونکە دەیان زانی کە ئێمە ئامانجی کۆتایی چالاکیەکەمان بەردەم سەفارەتی عێراقیە. چەند ئوتومبیلێکی خۆمان

بەدروشمەوە پێش کاروانەکەمان کەوت. نزیکەی دووسەد مەترێك دور لە سەفارەتەوە سەرۆکی پۆلیس وەستاندینی و پێی وتم فەرمانم پێدراوە کە لەوە زیاتر رێگا نەدەم پێتان بچنە پێش. من کردم بە هەراو بە حەماسەتەوە روخسە رەسمیەکەم لە گیرفانم دەرکرد کە ئێمە بۆمان هەیە بچینە بەردەم سەفارەت (**بروانە وێنەکەی خوارەوە**).



**سالار باسیره لەکاتی نیشاندانی مۆڵەتی رەسمی بۆ چوونە بەردەم سەفارەتی عێراقی**

سەرۆکی پۆلیس وەك لە وێنەکەدا دەردەکەوێت پیاویکی بە تەمەن کامل و لەسەرخۆ بوو. بە هێمنی تێیگەیاندم کە پیاوەکانی سەر بەرژێمی بەغدا بەردەم سەفارەت و پشت و سەر پەنجەرەکانیان گرتوەو چەکدارن. سەفارەت دەزگاو شوێنێکی دبلۆماسیەو کێشەی زۆر دروست دەبێت و چونە ژورەوە لەلایەن ئێمەی پۆلیسەوە بۆ ناو سەفارەت کارێکی گران و مەحالەو مەچنە ئەویَ باشترە. من زوو تێگەیشتم کە بەعسیەکان بە بیانوی ئەوەی کە ئێمە ویستومانە هێرش بکەینە سەر سەفارەتی عێراقی لە پەنجەرەکانەوە تەقەمان لێبکەن. جگە لەوە ئەوانەی بەردەم سەفارەت دەیانتوانی هێرشێکی درندانە بکەنە سەرمان و بکشێنەوە

ناو سەفارەت و لە رێگای ترەوە دەربازبن و نەدرێن بەدەستەوە. لە وێنەکەدا دەبینرێ کە چەندین ژن و منداڵیشمان لەگەڵدا بوون. ئەو نەخشەیەی سەفارەت تاکتیکێکی سەربازی بوو کە بۆیان دارشتبوین. جگە لەو گروپە پۆلیسەی کە لای ئێمە بوو، ئەمجارەیان بەردەم سەفارەت بەپۆلیسێکی زۆر تەنرابوو. ئیتر ئێمەش لەدوورییەکی گونجاوەوە بەموکەبەرە بە کوردی و بە ئەڵمانی بەرامبەریان کەوتینە خوێندنەوەی وتارو سرودە نیشتمانیەکانمان و گوێی پەنجەرەکانی سەفارەتمان پێ برییوو. ئەوانیش لە دورەوە سرودی بەعسیان دەوت و وێنەی سەدامیان بەرزکردبۆوەو بەداری گەورەوە هەرەشەیان ئاراستە دەکردین (**بروانە وێنەکەی خوارەوە**). دیارە زۆر غەمباربوون بەوەی کە ئێمە لەبەردەم سەفارەتی عێراقی نەکەوتینە ناو تۆری درندەکانی بەغداوە.



**(بەعسیەکان لەبەردەم باڵیۆزخانەی عێراقی دوای کشانەوەیان لەگۆرەپانی شەرەکە)**

دوایی بە سرود خوێندنەوەو هیتاف کێشان گەراینەوە بۆ گۆرەپانی چالاکی وشەرو کارەساتەکەو لەوێ بەسرودی ئەیرەقیب کۆتایمان بەم چیرۆکە تراژیدیایەو داستانە هێنا. هەتا ئەو کاتەش د.ئەحمەدی برام بەو برینداری و خوێنەوە نەچوە خەستەخانەو لەگەڵمان مایەوە هەتا لە کۆتایی چالاکیەکەدا ئیتر هێزی لێبراو ئوتۆمبیلێکی فریاکەوتن کە بەردەوام بە دوامانەوە بوو راستەوخۆ بردیانە خەستەخانەی پێترۆس. لە کۆتایدا هەموومان بلاوەمان لێکرد.

## دوبارە گەرانەوەم بۆ هەمان گۆرەپانی روداوەکە

من بۆ پشودان لەگەل دوو هاورێی تردا کەمێك لەناو شاری بۆن مامەوە. بینیم هەر لە گۆرەپانی روداوەکەی ئێمەدا قەرەبالغیەکی زۆر گەورەیەو جێگای کەسی تری تێدا نابێتەوە. خوێندکارانی کۆمەلە قوتابخانەیەکی جۆراوجۆر نارەزاییان دەردەبری سەبارەت بە کەموکوری حکومەتەکەیان لە بواری قوتابخانەدا. منیش سەرێکم هەلبری و تەماشایەکی ئاسمانم کردو بە خۆمم ووت دنیا چەند سەیرە هەتا پێش کاتژمێرێك ئەم گۆرەپانە مێژویەکی خوێناوی و سیاسی بە خۆیەوە تۆمار کردو بۆ ئێمە گۆرەپانی کارەساتێکی گەورە بوو. لای ئێمە خەلکیی لەحەمامی تێزابدا دەتوێننەوە، ونارەزاییەکانی ئێمە هی جیهانێکی ترە. بەلام هەر مرۆڤ و کۆمەلێك ئیتر بە پێی شوێن و زەمەن کێشەی تری خۆی هەیەو چیرۆکی ژیانی بە پێی ئەو شوێن و زەمەنە تۆمار دەبێت. هەریەکەو بەدەردێکی خۆیەوە دەنالێنێت. قوتابیەکان مەنەسەیەکی بەرزی تەختەی ئامادەکراویان هێنابوو، موکەبەرەو میکرۆفۆنی باشیان تێدا دامەزراندبوو. منیش فکرەیەکی باشم بۆ هات و بە حەماسەتێکەوە رامکردە سەر مەنەسەکەو پێم وتن شتێکی زۆر گرنگم هەیەو پێویستە بە رای گشتی بگەیەنم. خوێندکارەکانیش لە بریارێکی کوتوپری ژێر فشاری مندا وتیان باشە، بەلام نەیاندەزانی کە من نیازی چیم هەیە. بە دەنگێکی حەماسی و بەرز وتم کە پێش ئێوە ئیمەی کورد کە هەندێکمان وەك ئێوە خوێندکارین و هەموشمان ئاوارەین لەم ولاتەدا، ئا لەم گۆرەپانەدا بۆ مافێکی شەرعی و مرۆڤانەی خۆمان چالاکیەکی وامان نواندو پیاوەکانی سەفارەتی رژێمی عێراقی رەفتارێکی وا درندەیان بەرامبەرمان ئەنجامداو تەنانەت بەزەییان بە ژن و منداليشدا نەهاتەوەو داوای پشتگیری و هاوکاریتان لێدەکەم. لەبەر دەم هەزاران خوینکدارو بەشەکانی میدیا کەوتمە نارەزایی دەربرین کە حکومەتی ئەلمان چەك و تەقەمەنی ئەدات بە بەغدا

و...تاد. لێپرسراوانی رێپیوان و چالاکیە مەزنەکەی خوێندکاران بە پەلە میکرۆفۆنەکەیان لەدەست سەندم. بۆ ئەم کارەم لە لایەن کاربەدەستانی شاری بۆنەوە کە لەوێ ئامادەبوون و لە چالاکیەکەی پێشوی ئێمەش لە نامەیەکی رەسمیدا بۆم لە بەرواری 1982/8/27 سزایەکی پارەیان لێسەندم. هەموو ئەم شتانە بە وێنەو بەلگە لەدۆسیەکانمدا ئەرشیڤن و دەتوانرێت بۆ مێژووی سیاسی بەکار بهێنرێن، نەك هەر بۆ کورد بەلکو بۆ ئەرشیڤی عێراقی ئایندەش.



**لای راست: د. ئەحمەد باسیره بەبرینداری و سالار باسیره لەکاتی بەرگری کردن لەهێرشی بەعسیەکان لە پایتەختی ئەلمانیا**

## گرتنی کەس و کارم لە سلێمانی لەلایەن بەعسەوەو دەرکردنیان لە عێراق

هەر هەفتەیەك دوای رووداوەکە سەرانی بەعس لە شاری سلێمانی کەس و کارمیان گرت و خرانە بەندیخانەوەو دوچاری تراژیدیا بوونەوە. کەس وکارم لەعێراق دەربەدەرکران بۆ ئێران و مولك و مالمان داگیرکرا. دوای رووداوەکە لەگەل گەرانەوەمدا بۆ شارەکەی خۆم راستەوخۆ نەخشەیەکی نوێم کێشا بۆ چالاکیەکی تر، ئەمجارەیان بۆ کوردستانی ئێران بوو دژ بەرژێمی ئێران. ئەمیش چیرۆکێك بوو بۆ خۆی.



**پۆلیسی ئەلمان لەکاتی گرتن و لێدانی بەعسیەکان**

## لە بۆنی پایتەختەوە بۆ شاری فرانکورت

لە دوای کارەساتەکەی شاری بۆن راستەوخۆ بیرمان لە ئەنجامدانی چالاکیەکی تر کردەوە. ئەو کاتە شۆرشی کوردستانی ئێران و شەری عێراق – ئێران رۆژانە بەشەکانی میدیای پرکردبۆوەو بریارماندا چالاکی ئەمجارەمان بۆ کوردستانی ئێران ئەنجام بدەین. کاتی خۆی کاك پەروێزو برادەرێکی کوردستانی ئێران بەیانیەکی زوو بە حەماسەتێکی زۆرەوە لە فرانکفورتەوە هاتنە لام بۆ شاری زیگن و وتیان پێویستە بچین سەفارەتی ئێرانی لە شاری بۆنی پایتەخت داگیربکەین دژ بە سیاسەتی جمهوری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە کوردستانی ئێران نارەزایی نیشان بدەین. من ئەم شتەم رەت کردەوەو وتم ئەم ئێرانیانە لەو پەری حەماسەت و بەرز کردنەوەی چەندین دروشمن بەرامبەر بە رۆژئاواو ئەمریکا و سەدام و کاتی جەنگی عێراق و ئێرانە. لەم کاتەدا سل لە هیچ ناکەنەوە. ئەگەر ئێمە بە چەند کەسێکەوە بچینە ناو سەفارەتی ئێرانی و ئەم شوێنەش بە مال و زەوی ئەو حکومەتە حسابەو بە هێزی پاسدار پارێزگاری دەکری لە ناوەوە ئەوا کەسمان بە ساغی نایەینە دەرەوەو ئەمە لەم کاتەدا ئاقلی نیە. ئەم چالاکیە پێی دەوترێ شەری خۆ بەکوشتدان و ئەقلم نەیگرت. من ئەو کاتە بەرپرسی کۆمەلەی خویندکاران بووم. هەرچەندە برا کوردەکانی ئێران بە دلگرانی

گەرانەوەو نارەحەت بوون بە ئەنجام نەدانی، بەلام من وتم دەتوانین چالاکیەکی تر بە ئەنجام بگەیەنین. کاك پەروێز دوایی بووە ئەندامی یەکیتی و کۆمەلەی رەنجدەرانی کوردستان و خۆیشی و خیزانەکەشی بە راستی شان بە شانی کۆمەلە هاورێیەکی تری دلسۆز و پاك و ئازا و چالاك بوون و هەستی کوردستانیەت تیایاندا بە تین بوو. پاش چەند سالێك کاك پەروێز وازی لە یەکێتی هێنا بە بەلگەی ئەوەی کە پەیوەندیەکانی نێوان یەکێتی و ئێران نائاساییەو و هاوکاری گرنگی یەکترن. پێشتر بەیانێکی بە زمانی کوردی بۆ ئەم مەبەستە نوسی و بۆ کۆمەلە برادەرانێکی نارد. لێرەدا دەبێت ئەوە بلێم و شایەتی بدەم بۆ مێژوو کە هەموو ئەم چالاکی و شتانە ئیتر بەناوی کۆمەلەی خوێندکارانی کوردستانەوە (ئاکسا) بوبێت، یان هەر ناوێکی ترەوە بوبێت لە لایەن ئەندامان و دۆستانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە رێکخراون و بە ئەنجام گەیەندراوون و هەمیشە بە لە خۆبردوییەوە لە ریزەکانی پێشەوەی خەبات و تێکۆشان بووین لە دەرەوەی وولات. ئەگەر هەر لایەنێکی تر هەر داستانێکی هەیە لە دەرەوە وەك ئەوانەی ئێمە پێم باشە بیخاتە روو بۆ مێژوو، بۆ گەلی کورد. هیچ کاتێکیش چالاکیەکمان نەکردوە کە زیان بە ئابرۆی سیاسی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد گەیاندبێت و بە پرەنسیبی کوردستانیەتەوە کارمان کردوەو ئامانجمان زۆر بوە لەوانە کە بزوتنەوەو دەنگی کورد، وچەوساندنەوەی نەتەوایەتی و نیشتمانی ئەم گەلە بەدبەختە بگەیەنین بە جیهانی دەرەوەو نیشانیشی بدەین کە دوای هەرەس هێنانی دەسەلاتی کوردی لەکوردستانی عێراق بزوتنەوەی کورد نەمردوەو ئێمە ئەو گەلە نین کە بتوانرێ سەرمان پیێ دابنەوێندرێ، چالاکیەکانمان لە خزمەتی ئەم بزوتنەوەیە بووە لە ناوەوەی وولات. ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینە ئەوەیە کە لە ناو دلی ولاتدا دەژی و هەر وەك وتم ئەوانەی ئێمە لە دەرەوە درێژکەرەوەی ئەو هەلوێست و خەبات و تێکۆشانە بوە و بە قەناعەت و بێترس بەرەنگاری هەموو کۆسپ و هەرەشەیەك بوینەتەوەو هەر ئەوانەی کە بەم جۆرە بیر دەکەنەوە ومامەلە دەکەن خاوەنی شەرعیی بزوتنەوەکەن. ئەوەی کە ئێمە لە دەرەوەی وولات کردومانە بە بەراورد لەگەل ئەوەی پێشمەرگەیەکی کوردستان لەژێر باری مەترسی گەورەی ژیان و ترسی لەسیدارەدان و بە برسیەتی و سەرماو گەرما کردویەتی و بە بەراورد لەگەل زیندانە سیاسیەکانی ناو بەندیخانەکانی رژێمی بەغدا زۆر کەمەو بەراوردی ناکەم، بەلام گرنگ ئەوەیە لە هەر شوێنیك بیت بە پێی ئەو بارودۆخە تێبکۆشیت وخەباتی دیبلۆماسی و میدیای خۆت بکەیت وکوردیش لەدەرەوە بۆ گەیاندنی دەنگی کپکراوی ئەو کاتەی کورد دوبارە گرنگیەکی بێسنوری خۆی هەبووە و ئێستەش هەر هەیە. هەروەها

هەولی رێکخستنی جەماوەری ئاوارەی کورد لە هەندەران و کۆرو سمینار رێکخستن بۆ بەرزکردنەوەی پلەی رۆشنبیری کە یەکێك بوە لەئامانجە گرنگەکانمان و بەپێی توانا کێشەمان دروست دەکرد بۆ دوژمنانی نەتەوەکەمان.

## کارەساتەکەی فرانکفورت / داگیرکردنی کەنیسە گەورەکە

لەناو شاری فرانکفورت کەنیسەیەکی بەناوبانگ وگران و گرنگی لێیە پێی دەلێن (پاول کیرشە). بریارماندا کە بچینە ناو ئەم کەنیسەیەو لێرە چالاکیەکەمان بەئەنجام بگەیەنین، ئەمەیان بۆ شۆرشی کوردستانی ئێران بوو دژ بە رژێمی خومەینی. رۆژێکی یەك شەمەمان هەلبژارد کە دەیکردە رێکەوتی 5/1 رۆژی جەژنی کرێکارانی جیهانی و یەك شەمەش بوو بۆ مەسیحیەکان رۆژی نوێژ کردن وخودا پەرستیە لە کەنیسەکان هەروەك رۆژی هەینی لە ئیسلامدا. کەنیسەکە تەواو نزیك شوێنی چالاکیەکەی یەکی ئایار (5/1) بوو کە بە هەزاران کرێکارو موچەخۆرو خەلکی تر هاتبونە ئەم گۆرەپانەو ببوە هەراو دەنگە دەنگ وحەشاماتێکی زۆری لێکۆببوەوە. د.ئەحمەدی برام هەر لە خەستەخانەکەی شاری بۆنی پایتەختەوە کە لەلایەن بەعسیەکانەوە لەچالاکیەکەی پیشترماندا برینداركرا راستەوخۆ هاتە فرانکفورت و شەوەکەی لە لای برادەران نەخشەی ئایندەمان دەکێشا کە چیبکەین باشە. پێشتر بەیانێکمان نوسی کە لەناو چەقی شارەکە بلاومان کردەوەو لەسەریمان نوسیبوو ئێمە بۆ ئازادی و ئاشتی و مافی چارەنوسی نەتەوەکەمان و دژ بە چەوساندنەوە ئەمرۆکە مانمان لە خواردن گرتوەو بە هەزارانمان لێ بلاوکردەوە. زۆر باش لە یادمە کە ژنێکی پیری بێئاگا هاتە لام و لێی پرسیم ئەوە چی ئەکەن و مەسەلەکەتان چیە؟ منیش وتم مانمان لە خواردن گرتوە نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم کردی بە هەراو وتی من دائیرەیەك ئەناسم کە خواردن ئەدەن و ئێوە چۆن شتی وا ئەکەن بەبرسێتی ماونەتەوە ئێستە ئەچم بۆ لایان و ئەلێم نانیان فریا بخەن. منیش برادەرانم بانگ کردو ئەم چیرۆکەم بۆ گێرانەوە. دوایی چوینە بەردەم کەنیسەکەو کە دەرگا کرایەوە ئێمەش کە نزیکەی دە (10) کەسێك دەبوین (ئەو کاتە ژمارەی کورد کەم بوو لە ئەوروپا) دروشم و بەیان و شتەکانمان لە ژێر پالتۆو چاکەتەکانمان شاردەوەو لەگەل خەلکەکە چوینە ژورێ. کابرای قەشە هەر لە سەرەتاوە چاوی تێبرین و نەدەچوو بە ئەقلیدا کە ئێمە بۆ نوێژکردنی مەسیحی و زیارەتی کەنیسە هاتبین. کەنیسەکە تەواو پربوو لە ئەلمان. هەر کە نوێژو خوتبەی قەشە تەواو بوو یەکسەر

دروشمەکانمان بە گەورەیی کردەوەو کارتۆنە نوسراوەکانمان کردە ملمان و پێشی دەرگاکەمان گرت و کەوتینە بەیان دابەش کردن بەسەر خەلکەکانداو بەسەر دیوارەکاندا هەلواسینی هەموو ئەو وێنەو پۆستەرانەی کە پێشتر بۆ ئەم مەبەستە ئامادەمان کردبوون. ئێمە پێشتر دوو کەسمان لە دەرەوە دانابوو کە لەگەل تەواوبوونی خوتبەی قەشەی کەنیسەکە راستەوخۆ تەلەفون بکەن بۆ بەشەکانی میدیاو رۆژنامەکان ورێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشنال و نوێنەری یەکێتی نەتەوە یەکگرتوەکان ورێکخراوە خەیریەکانی شاری فرانکفورت و ئیتر لیستێك لە ژمارەی تەلەفونی ئەم دامودەزگایانەم دابونێ. کابرای قەشە چوو بە قیناو ووتی نایەلم کەس لەم دەزگایانە بێتە ژورەوە. ئێمەش وتمان نارۆین. بە پێی یاسا قەدەغەیە کە پۆلیس بە جلوبەرگی رەسمیەوە بچێتە ناو کەنیسەوە. کابرای قەشە کردی بە هەراو وتی ئێرە کەنیسەیە و جگە لەوە ئەم شوێنە زۆر تایبەت و گرنگ و گرانەو یەکسەر برۆنە دەرێ. بە قەشەکەمان ووت زۆر باشە ئێمە ئەم شوێنە جێدێلین، بەلام بە مەرجێك کە رێگای دەزگاکانی میدیاو ئەوانەی تر بدەن بێنە لامان و داواکاریەکانمان بگەیەننە بەشەکانی میدیاو رێکخراوەکانی خۆیان. دوای چاوەروانیەکی زۆر نەمانتوانی قەشە قەناعەت پێبکەین. نە ئەو، نە ئێمە چوینە قۆناعی کەللە رەقیەوەو لەهەلوێستی توندی خۆی نەهاتینە خوارێ. ئێمە لەو نێوانەدا نەماندەزانی کە لە دەرەوەی کەنیسەکە چی روویداوە. قەشەکە تەلەفونی بۆ پۆلیس کردبوو، مەسەلەکەی زۆر گەورە کردبوو کە کۆمەلێك بێگانەی رۆژهەلاتی کەنیسەکەیان داگیرکردوەو نارۆن و هەرەشەی ئەوە دەکەن بیتەقێننەوە.




**(کاتی مانگرتنەکەمان لە ناو کەنیسەی فرانکفورت/ بەکامێرای خۆمان گیراوە)**

جارێکی تر قەشەکە هاتەوەو وتی دەرەوە هەموی گیراوە بەپۆلیس وئوتومبیلی پۆلیس. دەست هەلگرن باشترە. ئێمەش وتمان مەرجەکانمان زۆر نین و مرۆڤانەیەو جێبەجێی بکە ئەو کاتە کەنیسەکەت بۆ چۆل دەکەین. بەکورتی لە کۆتایداو پاش ماوەی چەندین کاتژمێر بەدەیان پۆلیس بە جل و بەرگی تایبەت و قەلغان و کامێرای تەلەفزیۆن ئیتر نازانم سەر بە تەلەفزیۆنی دەزگای تایبەت بە خۆیان بوو، یان هی کەنالی میدیا بوو. هێرشیان کردە ناو کەنیسەکەو براینە دەرێ و بەبەر چاوی جەماوەرەوە پشکێندراین و کەلەپچەیان کردین و براین. ئەو کاتەی کە چوینە دەرێ رۆژی حەشرمان بینی. نزیکەی 30 – 40 پاس و ئوتومبیلی پۆلیس وئاگرکوژێنەوەو ئیسعاف وەستابوون بە ژمارەیەکی زۆری پۆلیسەوە. بە سەدان کەس کۆببونەوەو بەشێکی خەلکەکە لەو بەرەوە لە گۆرەپانی چالاکیەکەی یەکی ئایار هاتبونە بەردەم کەنیسەکە. دوای پشکنینمان براین بۆ پۆلیسخانەو بەند کراین. دوای لێکۆلینەوەو پرۆتۆکۆل کردنی روداوەکە دوای هەشت کاتژمێر دەست بەسەر کردنمان ئازاد کراین و وتیان نامەی پۆلیستان بۆ دێت سەبارەت بەم کارەساتە ئایا دەخرێنە

بەرلێپرسینەوەو دادگا یان نا، بەلام هیچ نامەیەکم لەم بارەیەوە بۆ نەهات و ئەو کاتە سیاسەتی رۆژئاوا لەدژی رژێمی خومەینی کاری دەکرد.



**لای راست بۆ چەپ: سالار باسیرە ( نوسەر) ، د.ئەحمەد باسیرەو پەروێز ئازادپوور لە بەندیخانەی پۆلیس لە فرانکفورت دوای داگیرکردنی کەنیسەکە لە دژی رژێمی خومەینی 1982**

ئێمە بەم جۆرە، بەم روداوە ئامانجەکەی خۆمان لە راستیدا باشتر پێکاو سەرکەوتوتر بوین. هەروەك ئەلمان خۆی ووتەنی لە ناو بیٚ بەختیدا بەختێك دروست بوو. ئەگەر کابرای قەشە بە هیمنی و ژیرانە رەفتاری بکردایە و ریگای بدایە ئەو دەزگایانە چاویان پیمان بکەوتایە کە هاتبون کیشەکە ئەوەندە گەورە نەدەبو بۆ ئابرۆی کەنیسەکەش باش دەبوو، بەتاییەت کەنیسەیەکی ئاوها بەناو بانگ وگران و بۆ دروست نەکردنی ئەو هەراوهوریایەش، بەلام قەشەکە بە رەفتاریدا لەگەلماندا و گەورەکردنی مەسەلەکە لەوە نەدەچوو کە وەك پیاوێکی ئاینی و لە خوداترس و ئاشتیخواز بێت و دیاربوو کە دژ بە بێگانەش بوو. بەلام قەشەو بەرپرسی کەنیسەش هەبوە لەشوێنی تر کەخۆی هاوکاری زۆری کردوین و بەشدار بوە لەگەلماندا. ئەمەی تر بچوکترین بەزەیی و تەقدیری نەبوو بۆ کێشەکەمان. رۆلی کەنیسە لە مێژودا هیچ کات باش نەبوەو دەزگای زەریبە وەرگرو دەولەمەند بوەو هەلگیرسێنەری شەرو جەنگ بووەو هەمیشە دابویە پال کۆلۆنیالیزم بەلام ئیستە ئیتجاهی میانرەوی تیایە بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی لیبەرال و لەناو مەسیحیەت خۆیدا ئیتجاهی جیاواز هەیە رادیکال و

میانرەو. لەمێژودا چەندین جەنگی خوێناویان دژ بە ئیتجاهاتەکانی ناو ئاینی مەسیحی خۆیان بەرپا کردوە.

## ئەو خوێندکارە هندەی لەپێناوی ئێمەدا هەرەشەی خۆکوشتنی کرد

دوای ئازاد بونمان هەتا شوێنێك بە شەمەندەفەری ناو شار گەراینەوەو دوایی بە پێ. ریگاکەمان وابوو کە نزیکەی دوو سەد مەترێك دوور بە لای کەنیسەکەدا برۆین. بینیمان هەمدیسان ئاگرکوژێنەوەو پۆلیس و ئیسعاف وەستاوەو حەشاماتێکی زۆر لە خەلك لە کەنیسەکە کۆبونەتەوە. وتمان ئەم کەنیسەیە زۆر شومەو ئارامی بە خۆیەوە ناگرێت و ئاخۆ چیتر روی دابێت و ئەم قەشەیە سەر بە گۆبەنە. ئەوەندە برسی و ماندو پەست بوین کە وزەمان نەمابوو بچینە ئەوێ و بزانین چی رویداوە. لەفرانکفورت رۆژنامەیەك هەیە کە شەو دەردەچێت و هەواڵە گەرمەکان زوو دەگوازێتەوە پێی دەوترێ رۆژنامەی شەوی فرانکفورت. بەیانی زوو یەکێك لە برادەران کە لە فرانکفورت دەژیاو خۆی و خێزانەکەی کە بەشداربوون لە چالاکیەکە کاك پەروێز پور وخاتوو پەروانە قورەیشی بەیانی زوو ژمارەیەك لەم رۆژنامەیەی هێناو وتی بروانن چی روویداوە. جگە لە رۆژنامەکانی تر وێنەیەکی کەنیسەکە خرابوە ناو ئەم رۆژنامەیەوە لەژێر ناونیشانی نارەزایی لە نەوەت (90) مەتر بەرزیەوە. خوێندکارێکی کۆلێژی ئاداب کە خەلکی هندستان بوو چوبوە سەر لوتکەی کەنیسەکەو وتبوی من خۆم فرێ ئەدەمە خوارێ وخۆم دەکوژم، ئەم کوردانە بۆ ماف خۆیان تێدەکۆشن وپەنایان هێناوەتە بەر کەنیسە چۆن رەفتاری وایان لەگەلدا دەکرێ. ئەم مەسەلەیەش دوبارە لەبەشەکانی میدیا پەخشکرا بەباسی ئێمەوە. خوێندکارە هندەکە وتبوی کاتێك هیچ لە خۆم ناکەم و دەست هەلدەگرم ئەگەر کابرای قەشە بە پێی خۆی بێتە سەر لوتکەی کەنیسەکە بۆ لام و شەخسیی داوای لێبوردن لەکوردەکان بکات بۆ ئەو رەفتارەی کە بەرامبەریان کردویەتی. ئەم روداوە ئەوەندەی تر مەسەلەکەی هوروژاندو کابرای قەشەی شەرمەزار کردو بەم هۆیەوە چەند لێپرساوێکی بەرزی کەنیسە بانگ کرابونە ئەم شوێنە بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە چاوەروان نەکراوەو لەوانەشە هەر ئەم هۆیە بوبێت کە دواتر نەخراینە بەر لێپرسینەوەی یاسا (**بروانە وینەکەی لای خوارەوە**).




**ئەو خویندکارە هندەی کەویستی لەپێناوی ئێمەدا خۆی بکوژێت،**
**لەکاتی سەرکەوتنی خویندکارە هندەکە بۆ سەر لوتکەی کەنیسەکە**

## کارەساتەکەی بەرلین/ پلانی تەقاندنەوەی کۆنگرەکەمان

هەر سێ مانگ دوای کارەساتەکەی شاری بۆن، چالاکی وشەرەکەمان لەگەل بەعسیەکان لە ناوەراستی 1982/7 دیارە رژێمی بەعس لەئەنجامی کارەساتەکەی بۆنی پایتەخت کە باسم کرد بریاری تۆلەسەندنەوەیەکی قورسی دابوو لە دژمان. سەفارەتی عێراقی لە بەرلینی رۆژهەلاتی ئەوکاتە کە هێشتا ئەلمانیا یەکی نەگرتبۆوە بە رێگای دوو تیرۆریستی بەعسی کارمەندانی سەفارەت خۆیەوە، کە هەلگری ناسنامەی دبلۆماسی بوون بەرێگای کوردێکەوە

کە ئەندامی کۆنگرەکەمان بوو کە لەبەرلین ئەنجاممان ئەدا، لەرۆژی پینجەمی کۆنفەرەنسەکەدا بوو نەخشەی تەقاندنەوەی کۆنگرەکەیان کێشابوو. بریاروابوو بەرێگای ئەم کوردەوە بۆمبایەکی تەوقیتکراو بنێرنە ناو هۆلی کۆنفەرەنسی یەکێتی و بیتەقێننەوە. هەمیشە وابوو کە سێ رۆژی یەکەم کۆنفەرەنسی یەکێتیمان دەبەست و سێ رۆژی دواتر کۆنگرەی کۆمەلەی خوێندکارانی کوردستان لەدەرەوەی وولات (AKSA). زۆربەی ئەندامانی کۆمەلە ئەندامانی یەکێتیش بوون. ئەگەر ئەم ئۆپەراسیۆنەی بەعس سەری بگرتایە گەورەترین کاریسە دەبوو لە دوای جەنگی دوەمی جیهانی لەبەرلین، نەك هەر ئەندامانی کۆنگرەی وێران دەکرد بەلکو بە دەیان توریستی ئەلمان و بیانی تری دەکوشت و بریندار دەکرد و بیناکەشی وێران دەکرد چونکە شوێنەکە بینای مالی لاوان بوو کە هەمیشە قەرەبالغ بوو لەشارێکی وەك بەرلین توریستی لە هەموو دنیاوە بۆ دەهات. ئەم کوردە ویژدانی قبولی نەکردبو بۆ پارەو بەرژەوەندی بەم کارە هەستێ کە فێلیان لە خۆیشی کردبوو بەوەی کە لەدانانی کاتژمێری بۆمباکە بە سێ جار سفر راستەوخۆ دەتەقیەوەو خۆیشی پیوە دەبوو. ئەگەر ئەو ژمارەیەشی دانەنایە ئەوا دوای نیوکاژمێر خۆی دەتەقیەوە. پێیان وتبوو تەوقیتی بکەو خۆت برۆ ودوای دە خولەك دەتەقێتەوە. بەپێی یاسای هاوپەیمانان کە لەئەنجامی جەنگی دوەمی جیهانی هاتبوە کایەوە کارمەندانی بالیۆزخانەکان لە شاری بەرلینی رۆژهەلات بۆیان هەبوو بێکێشە هاتوچۆی هەردوو بەشەکەی بەرلین بکەن.

## پلانی دەستگیرکردنی دوو تیرۆریستە بەعسیەکە

لە نەخشەیەکی دارێژراودا هەردوو تیرۆریستەکەی سەر بە سەفارەتی عێراقی لە لایەن هێزی تایبەتی ئەلمانەکان دوای راونانێك بەناو شاری بەرلین دا دەستبەسەر کران، کە ئەمەش چیرۆکێکە بۆ خۆی. حی علی محمود کە هەتا پێش چەند مانگێك بەر لەوە ئەندامی حیزبی شیۆعی عێراقی بوو لەئوتومبیلەکە خۆی هەلدابوە خوارێ و ویستبوی بە پێ رابکات، بەلام گیرا. ئەوی کەشیان کە ئوتومبیلەکەی لێ خوریبوو چەند ئوتومبیلێکی رامالیبو نەیتوانیبو دەربازبێت. کە دابەزیبو لەم وەزعەدا دەمانچەیەکی لێدەکەوێتە خوارێ بەپێنج گوللەوە. بەئوتومبیلێکی مارسدسی بۆر بە ژمارەی بالیۆزخانەی تایبەتی عێراق (CD-21-09) هاتبونە ناو بەرلینی رۆژئاوا. ئەوەی کە ئوتومبیلەکەی لێخۆریبوو ناوی خالد جابر بوو سکرتێری یەکەمی سەفیری عێراقی بوو لە بەرلینی رۆژهەلات. ئەمەش ئاستی دبلۆماسیەکان و

سەفیرێکی بەعسی بوون لەبەرلین، کە لەبری فێربونی رۆشنبیری ودانانی نەخشەی بردنەوەی زانست بۆ ولاتەکەیان کەچی سەفیری ولاتێك نەخشەی کوشتن و لەناو بردنی هاوولاتیانی دەولەتەکەی خۆی دەکێشا بە پلانی بەعس. لەهەمان رۆژدا ئاسایشی پۆلیس لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وردەکاریەکانی خستە روو، ئاماژەی بەوەدا کە ئەمانە تیرۆریستن نەك دبلۆمات ودەبێت بدرێنە دادگا. حی علی محمود ئەو پارێزەرە عێراقیەی رەت کردەوە کە سەفارەت بۆیان دانابوو، داوای یارمەتی لەرێکخراوی خەیری نەتەوە هەرەشە لێکراوەکان کردو وتبوی ئەگەر بچمەوە بۆ عێراق رژێمی بەغدا دەمکوژێت.

بەلام حکومەتی سۆشیال دیموکراتی ئەو کاتە بە سەرۆکایەتی هێلموت شمیت لەبەر باشترکردنی بەرژەوەندی ئابوری ودبلۆماسی خۆیان لەسەر حیسابی ژیان وخوێن وفرمێسکی ئێمەی کورد هەردوو تیرۆریستەکانی لەفرۆکەخانەی فرانکفورتەوە بەفرۆکەیەکی عێراقی نێردرانەوە بۆ بەغدا بێئەوەی بدرێنە دادگا. هەرچەندە ئۆپەراسیۆنەکەی شاری بەرلین سەری نەگرت بەلام دیارە لەلایەن بەغداوە خەلاتیان دراوەتیٚ و نەخشەیەکی تری کوشتن و تیرۆریان بۆ ساز بکەن. ئەو کوردەکەش کە ناوی حسین بوو وە لەقەبی حسێن قومبەلەی درایە نەتوانرا لە ئەلمانیا لەبەر ترسی رژێمی عێراقی ژیانی بپارێزرێت و رۆیشتە سوریا دانیشت.




Samstag, 2. August 1980 Nr. 177 / Ruhr-Nachrichten

# Berlin: Dynamit im Diplomatenkoffe

## Iraker gefaßt: Blutbad verhindert

**Berlin.** (dpa/ddp) **Die Berliner Polizei hat am Freitag im letzten Moment einen Sprengstoffanschlag auf einen Kongreß der „Vereinigung der Studenten Kurdistans im Ausland" verhindert. Unter dringendem Tatverdacht wurden zwei irakische Diplomaten aus Ostberlin festgenommen.**

„Wir sind an einer Katastrophe vorbeigekommen", hieß es bei der Polizei. In dem Tagungsgebäude, einem Jugendheim, befanden sich auch Kinder. An dem Kongreß nahmen über 100 kurdische Studenten teil.

Nach Polizeiangaben handelt es sich bei den Festgenommenen um den ersten Sekretär der irakischen Botschaft in Ostberlin, Khalid J. Jaber, und das Mitglied des technischen Stabes, Hay-Ali Mahmoud, die jede Aussage verweigerten. Beide waren im Besitz von Diplomatenpässen der irakischen Botschaft in Ostberlin. Sie hätten jedoch keinen diplomatischen Status in Westberlin und im Bundesgebiet, hieß es weiter.

Die Polizei konnte den Anschlag offenbar durch die Einschleusung eines „V-Mannes" verhindern. Wie verlautete, hatten die Iraker einen Koffer mit 500 Gramm Sprengstoff, der im Deckel und im Boden eingearbeitet war und über Batterien gezündet werden sollte, einem „B[illegible]tragten" übergeben. Dieser so... den Koffer in das Kongreßgebäude bringen.

Auf die Frage, ob es sich bei diesem Mann um einen Beauftragten der Iraker oder einen Agenten der Polizei handelt, hieß es bei der Polizei: „Beides ist richtig. Das wußte allerdings die andere Seite nicht."

Spiegel der Zeit: Attentäter



Mit Bombenkoffer: Jaber



Wollte fliehen: Mahmoud

Dienstag, 19.8.80 Seite 2 die Tageszeitung

## Senat: Abschiebung irakischer Diplomaten

Berlin, 18.8. (rtr). Die beiden im Zusammenhang mit einem geplanten Sprengstoffanschlag in Westberlin ..haftierten irakischen Diplomaten sollen noch vor der Anklageerhebung abgeschoben werden. Wie aus informierten Kreisen am Montag verlautete, hat der Berliner Senat Einvernehmen darüber erzielt. Die Abschiebung soll nach einem entsprechenden irakischen Ersuchen erfolgen, das derzeit jedoch noch nicht vorliegt. Der Senat kommt mit dieser Entscheidung einer Bitte der Bundesregierung entgegen, die sich aus politischen Gründen für eine Freilassung der in der DDR akkreditierten Diplomaten ausgesprochen hatte.

In Westberlin war der mögliche Verzicht auf eine Strafverfolgung der irakischen Diplomaten von verschiedenen Seiten scharf kritisiert worden. Die Gewerkschaft der Polizei hatte eine Abschiebung als "Freibrief mit unübersehbaren Folgen" für die Bekämpfung des Terrorismus bezeichnet. (s. auch taz vom 18.8.)

## Attentäter rammten Polizeisperren

**Berlin.** (dpa) Mehrere Polizeisperren und abgestellte Personenwagen wurden nach dem von der Polizei in Berlin vereitelten Anschlag auf eine kurdische Studentenvereinigung gerammt. Nach Schilderungen des Leiters der Abteilung Staatsschutz bei der Berliner Polizei, Manfred Kittlaus, benutzten die irakischen Attentäter einen Daimler Benz mit Ostberliner Diplomaten-Kennzeichen.

Kittlaus gab auf einer Pressekonferenz eine genaue Schilderung des Vorfalls. Danach sind die Iraker kurz nach 9 Uhr nach einer wilden Verfolgungsjagd im Bezirk Wedding festgenommen worden. Die Täter versuchten, mit dem Wagen zu fliehen, einer sprang während der Fahrt ab, der andere rammte mit dem Diplomatenwagen mehrere PKW und Polizeisperren. Er wurde schließlich von Beamten des Spezialeinsatzkommandos der Berliner Polizei aus dem Wagen gezogen. Beide leisteten bei ihrer Festnahme heftigen Widerstand und griffen die Beamten mit Faustschlägen an. Der Iraker Mahmoud verlor bei dem Handgemenge eine mit fünf Patronen geladene Pistole des Fabrikats Walter PPK vom Kaliber 7,65 mm.

Die Festgenommenen werden am heutigen Samstag dem Vernehmungsrichter vorgeführt. Konkrete Anhaltspunkte über eine mögliche Beteiligung von Deutschen hat die Polizei bisher nicht. Laut Kittlaus wäre die Wirkung des Sprengstoffes bei einer Zündung verheerend gewesen.

خالی (٤ — و) لاپەڕە ٦

- سەرەوە لای چەپ، وێنە ژمارە ١ : ئەو ئۆتۆمبیلەی کە دوو دبلۆماسیەکەی سەفارەتی عێراقی بەکاریان هێنابوو بۆ مەبەستی ئۆپەڕاسیۆنەکەیان دوای دەسگیرکردنی لە لایەن پۆلیسی ئەلمانەوە
- لای چەپ، وێنە ٢ : هەندێ لە بەشداربوانی کۆنگەرەکەی کۆمەلەی خوێندکارانی کوردستان
- وێنەکانی تر بریتین لە دوو دبلۆماسیەکەی سەفارەتی عێراقی دوای دەسگیرکردنیان

## پێچەوانە بوونی هاوکێشەکە

بەلام کە عێراق کوێتی داگیرکرد هاوکێشەکە پێچەوانە بۆوە. سەفارەتی عێراقیمان لە هەمان شاری بۆن ی پایتەختی ئەلمانیا داگیرکردو بەلگەنامەکانی ناو سەفارەت داگیرکراو شتەکانی لەبەلەکۆنی سەفارەتەکەوە فرێدرانە سەر شەقامەکەو ئەوانەی لەناو بیناکەدا بوون بەر تێهەلدانی کورد کەوتن. پۆلیسی ئەلمان لە سەرشەقامەکەی دەرەوە تەنیا تەماشایان دەکرد. هەرچەندە نامەی سزادانی پارەش بۆ چەند یەکیك لەم برادەرانە لەلایەن کاربەدەستانەوە نێردرابوو. دیارە دلنیابوون لەوەی کە حکومەتی بەعس دەروخێت، چیتر پێویست نیە لەسەری هەلبدەنێ وئێمەی ئۆپۆزیسیۆن لەدیدی ئەمانەوە دوارۆژی حکومەتێکی نوێین لەعێراق و لەئێستەوە باشترە پەیوەندیەکانیان باش بکەن لە گەلماندا. لە رۆژی دوای داگیرکردنی کوێت بەشەکانی میدیا زانیاری وا سەیریان لەسەر خودی سەدام و بنەمالەکەیشی بلاودەکردەوە کە من بە خۆمم دەوت ناکرێ ئەم زانیاریانەیان لەنێوان شەو و رۆژێکدا دەست کەوتبێت و دیارە زانیاریەکی زۆریان ئەرشیف کردوە کە هەموو ئەم چەند سالە بلاویان نەکردۆتەوە لەسەر بەعس. لەم رۆژەوە ئیتر سەدامی دۆست کتوپر بوە هیتلەرەکەی بەغداو مرۆڤ خۆرو درندە وشێت و یاساکانی یەکێتی نەتەوە یەکگرتوەکانی پێشێلکردوە. هەروەك پیشتر پێشێلی نەکردبن. ئەو سەرۆکی عێراقەی کە بەشێکی فرۆکەوان و دەزگای موخابەراتەکەی لە ئەلمانیای رۆژئاواش مەشق پێدەکران، ئەمە لەسەر زاری وەزیری ناوخۆی ئەوکاتەی سەر بەپارتی سۆشیال دیموکراتەکان (ئۆتۆ شیلی) کە ئەو کاتە ئەندامی پارتی سەوزەکان بوو لە وتارێکیدا لەبەردەم پەرلەمانی ئەلمانیا باسی لەم راستیە کرد کەوتارەکەی گوێزرایەوە بۆ کەنالەکانی تەلەفزیۆنیش.

## چالاکیەکانم لە ئەلمانیای رۆژهەلات لەکاتی جەنگی عێراق – ئەمریکا دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە

من لە کاتی جەنگەکەی عێراق – ئەمریکا کە بە ناوی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ئەنجامدراو هەروەها لەکاتی کۆچ و رەو وە راپەرینەکەی خەلکی کوردستان بەشێکی کاتەکەم لە ئەلمانیای رۆژهەلات بەسەربرد و لە کۆرو سیمینارێکەوە دەچومە یەکێکی ترو بەشێکی چالاکیەکانم هێزە چەپەکان بۆیان ساز دەکردم و هاوکارییان دەکردم ئەوانەی کە رەخنەگری سیستەمی سۆڤیەت و ئەوەی ئەلمانیای رۆژهەلات بوون. بەباشی بینیم کە ئەم

میللەتەی ئەلمانیای رۆژهەلات بە راستی چەندە تینوی زانیاری بوون و چەند راستییان لی شاردرابۆوە. بۆ هەر شوینیك دەرۆیشتم کۆمەلە وێنەیەکی هەلەبجەو کۆچ و رەوی کوردستانم پێبوو کە زۆربەی لەبەشەکانی میدیای ئەلمانیا بلاو کرابونەوەو چاکم کردبوون و راستەوخۆ نیمچە پێشانگایەکم لێدروست دەکرد. چل و شەش سال پانزە ملیۆن ئەلمانی لە ژێر سایەی حکومەتێکی سۆشیالیستدا ژیان، بەلام دوای روخانی ئەلمانیای رۆژهەلات لە 78٪ی پارتێکی موحافیزی ئەلمانیای رۆژئاوایان هەلبژارد کە پارتی یەکێتیە مەسیحیەکان بوو (CDU). وایان دەزانی کە لەنێوان شەو و رۆژێکدا ئەمانیش دەبنە خاوەن سەروەت و مارسدیس و زۆری کەش. جگە لەوەش پرۆپاگاندەی رۆژئاوا هەمیشە بەهێز بوە. بارودۆخی کۆمەلایەتیان بە تایبەت هی ئابورییان ئەمرۆکە لەسایەی ئەلمانیای رۆژئاواوە خراپترە وەك لەجاران. حیزبی شیۆعی ئەلمانیای رۆژهەلات بەچەند گۆرانکاریەکەوە لە سالانی دوای ئەوە لەلایەن نزیکەی 25٪ی ئەلمانیای رۆژهەلات هەلدەبژێردران وبەم هۆیەوە چوونە ناو پەرلەمانەوە، بەلام ئەم بەشەی ئەلمانیا ئەمرۆکە بۆتە دروستبوونی بزوتنەوەی نازیەت و فاشیەت. لەبەر ئەم هۆیە پەناهەندەو بێگانەکان حەز ناکەن بیاننێرنە ئەم بەشەی ئەلمانیاو زۆربەی کۆچ دەکەن بۆ رۆژئاوای ئەلمانیا. بەلێ مرۆڤایەتی هەمیشە بەتەجروبەی خۆیدا دەروات و قەناعەت وبریاری دەکریێ بگۆرێت. ئەلمانیای رۆژهەلات زیاتر بووە بازارێك بۆ سەرمایەدارە گەورەکانی ئەلمانیای رۆژئاوا، بەلام بێکاری لەم بەشەدا لە هەموو شوێنێك زیاترەو تەنانەت بە چاوێکی تر دەروانن خۆیان وەك لە رۆژئاواییەکان وئەمانیش زۆریان دێنە رۆژئاوا بۆ گەران بە شوێن کاردا. ناسیۆنالیستەکانی ئەلمان ئەلمانیایەکی گەورەیان پێ گرنگتر بوو وەك لە چارەسەر کردنی کێشەی ئەم بەشی ولات و میللەتە. ئەلمانەکانی رۆژهەلات لەچەند لایەنیکەوە ژیانی پێشویان لەویێ پێ باشتر بوو، بەلام نانیش بێ ئازادی نابێت و ئەمەش زۆر کەوت لەسەر حکومەتی سۆشیالیستی ئەلمانیای رۆژهەلاتی هۆنیکەر وەك سیستەمێکی تۆتالیتێر. حیزبیەکان باشتر دەژیان وبیرۆکراتیەت بەهێزبوو، جاسوسیەت بە شێوەیەکی زۆر نائاسایی دەکرا لەسەر هاوولاتیان و ئازادی هاتوچۆ و بیروڕادەربرین و نوسین نەبوو، ئۆپۆزیسیۆن و فرەپارتایەتی نەبوو، هەلبژاردنی پارتی تر بۆ هاتنە سەر حوکم نەبوو. تەنانەت لە ئەلمانای رۆژئاواشدا، لە ئەوروپای رۆژئاوادا بەگشتی ئەم سیستەمە سەرمایەدارانەش هەتا سەر برناکەن. دەولەمەند دەولەمەندتر دەبێت وهەژاریش هەژارترو توێژی ناوەراست لەوێرانبوندایەو سیستەمێکی سەرمایەداریی مۆنۆپۆلی گەورە لەگەشە کردندایە.

له رۆژنامەی مەرکەزی ئەلمانیای رۆژهەلات بە ناوی (NEUES DEUTSCHLAND) به واتا (ئەلمانیای نویٚ). له رۆژنامەی ئەلمانیای نوێی بەرواری 1988/3/18 بابەتێکی لەژێر ناونیشانی سیاسەتمەدار د.منزر ئیبراهیم الشاوی له کۆماری عێراقەوه لەئەنجومەنی وەزیرانی کۆماری ئەلمانیای دیموکراتی (ئەلمانیای رۆژهەلات) له لایەن ڤیلی شتۆفس پێشوازی کراوه. لەیەکێك له ستونەکانیدا رۆژنامەکه دەنوسێت "هەردولایەن جەختیان لەسەر ئەوه کردوه که هێشتنەوەو پارێزگاریکردنی ئاشتی جیهانی، وهەولی هەموو هیمەتێك بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی چەك و پێشبرکێی چەك لەسەر رووی زەوی واتایەکی گرنگی ژیانیی هەیه بۆ دوارۆژی سەرجەم مرۆڤایەتی...". ئەگەر خوێنەر سەرنجێك بداته بەرواری پێشوازیه گەرمەکەی سیاسەتمەداری حکومەتی بەعس لەلایەن حکومەتی ئەلمانیای رۆژهەلاتەوه دەبینێت بەتەنیا دوو رۆژ لەدوای روداوەکەی هەلەبجه بووه که لەلایەن رژێمی بەغداوه چەکی کیمیاوی بەسەر نەتەوەیەکی مەدەنیدا کردوه. هەروەك پەنده ئەلمانیەکه خۆی وتەنی ئەم وێنەیه خۆی بۆ خۆی دەدویٚ. لەهەموو ولاته سۆشیالیستەکانی ئەوروپای رۆژهەلات و سۆڤیەت به واتا له (معسکر الشرقی) بەعسیەکانی رژێمی بەغدا رێزیان زیاتر لێگیراوەو دەستیان رۆیشتوه وەك له ئەندامانی حیزبه کۆمونیستەکانی عیراق یان ئەوانەی رۆژهەلاتی ناوەراستیش بەگشتی.

## رێزگرتن لەبەعسیەکان و چەوساندنەوەی ئەندامانی حشع له بولغاریا

سەرەتای هەشتاکان شەرێك رویدا له نێوان ئەندامانی حیزبی شوێعی عێراقی وبەعسیەکانی عێراق لەسۆفیای پایتەختی بولغاریا. یەکێك له ئەندامەکانی حیزبی شیۆعی بەدەستی بەعسیەکان کوژرا. حکومەتی بولغاریا شیۆعیەکانی دوور خستەوەو رەفتاری خراپی لەگەلدا نواندن و بەشێکی دەرکردن له ولاتەکە، کەچی بەعسیەکان ئیمتیازی زیاتریان وەرگرت و مامەلەی باشتر کران. من ئەو کاته زۆر به لامەوه سەیر بوو که شتی ئاوا چۆن دەبێت له بولغاریایەکی کۆمۆنیست دا. لەرۆمانیاو ولاتەکانی تری ئەوروپای رۆژهەلات هەمان شت بوو.

## سزادانی خوێندکاره کوردەکان له مۆسکۆ بۆ بەرژەوەندی بەعس

لەمۆسکۆ له گۆرەپانی سوور کۆمەلیك له خویندکاره کوردەکان گردبونەوەیەکی ئاشتیانەیان دژ به رژیمی بەعس ئەنجامدا بۆ بەکارهینانی چەکی کیمیایی له کوردستان کەچی حکومەتی مۆسکۆ بەشیکی ئەم کوردانەی لەسۆڤیەت دەرکرد و بەشێکیشی دوور خستنەوه له مۆسکۆ.

## چالاکیەکانی دوای راپەرین له ئەورووپاو داگیرکردنی سەفارەتەکانی عێراقی

له کاتی راپەرینەکەی خەلکی کوردستان دژ به رژێمی بەغدا لەناو شاری بۆن له هەمان گۆرەپانی شەرەکەی بۆنی سالی 1982 خۆنیشاندان و وتار خویندنەوه دەستی پێکرد له لایەن کوردەکانی کوردستانی عێراقەوه. بەشێك له کوردەکان جیابونەوه بۆ داگیرکردنی سەفارەتی عێراقی لەم شاره. بەتایبەت ئەو کوردانەی که له شاری هامبورگەوه پاسێکی گەورەیان بەکرێ گرتبو هاتبوون راستەوخۆ بەرەو سەفارەتی عێراقی بەرێکەوتبوون. بەشێکی تر لەخۆنیشاندەرەکانی ناو شاری بۆن چوین بۆ پشتگیری ئەم برادەرانه لەوێ. نزیکەی له گشت ولاته ئەوروپیەکان نارەزایی توند دژ به سەفارەت و دەزگاکانی رژێمی عێراقی دەستی پێکردبوو. له ستۆکهۆلمی پایتەختی سوید برادەران سەفارەتی عێراقیان ئاگر تێبەردا.

## هێرش بردنه سەر سەفارەتی کوبا

له هەمان دوای نیوەرۆی داگیرکردن ودەسپێکردنی چالاکیەکه دژ بەسەفارەتی عێراقی بەشێکی تر جیابونەوەو چوونه بەردەم سەفارەتی کوبا نارەزایی دەربرن بەرامبەر به سیاسەتی حکومەتی کوبا دژ به کورد بۆ بەرژەوەندی عێراق. دوای ئەوەی گوشارێکی زۆر خرایه سەر حکومەتی ئەمریکاو UN سەبارەت به بارودۆخی ناهەمواری کورد ئەوه بوو بریاری دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام له سەروی عێراق بۆ پاراستنی کورد درا. ولاته ئەوروپا رۆژئاواییەکان وئەمریکاو کەنەدا پشتگیرییان لەم بریاره کرد، بەلام ولاته سۆشیالیستەکان دژ بوون. ئەوانەی که ئێسته له یادمن بریتی بوون له کوبا، چیکیسلۆڤاکیا، رۆمانیا، سۆڤیەت..تاد. ئەوانەی دیاره که ئەو کاته ئەندامانی کاتیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوه یەکگرتوەکان بوون. من له خۆمم دەپرسی ئایا کورد چی له کوباو رۆمانیاو و چیکۆسلۆڤاکیاو یەکێتی سۆڤیەت کردوه که بەم شێوەیه دژایەتی نەتەوەی کورد بکەن، دژایەتی میللەتێکی بەدبەخت که بۆ ژیانێکی ئاسودەو ئازادی ومافی ژیان تێدەکۆشێت. چەند

هەڤالێك لە خۆپیشاندەرە کوردەکان لەکاتێکی حەماسی ئاوهادا بەسەر شیشی موحاجەرەکەدا بازیان دابوە ئەودیو بۆ ناو باخی سەفارەتەکە بۆ ئەوەی بەم شێوەیە سەرنجی ئەو رۆژنامەوان و دەزگا میدیایانەی ئەلمانی و بیانی بەلای مەسەلەکەدا رابکێشن کە بانگ کرابونە ئەوێ. بەلام دوو کارمەندی سەفارەتی کوبی هاتبونە دەرەوەو بە کلاشینکۆفێك دەستڕێژیان بەسەر خەلك و موحاجەرەکەدا کردبو کە لە ئەنجامی ئەم کارە چەند هاولاتیەك بە پریشکی موحاجەرەو دیوارەکە لە ئەنجامی تەقە کردنەکە برینداربوون و خۆشبەختانە کەسی تێدا نەکوژرا. ئەم روداوەش بوە تێمای بەشەکانی میدیاو بوە هۆی دروستکردنی کێشەی دبلۆماسی و نارەزایی لە نێوان هەردوو حکومەتی ئەلمانیاو کوبادا. ئەم روداوە ئەوەندەیتر مەسەلەکانی هوروژاندو بەشەکانی میدیاو تەنانەت هەندێ لە تەلەفزیۆنە عەرەبیە فەزائیەکانیش وێنەکانیان هەمان شەو گواستەوە. شتێکی کەم نەبوو کە لێپرسراوانی سەفارەتی ولاتێکی سۆشیالیستی هاوپەیمانی سۆڤیەت لە پایتەختی ئەلمانیای رۆژئاوا بەکلاشینکۆف بەسەر خەلکی دانیشتوی ئەم ولاتەدا تەقە بکات. دوای ماوەیەکی کورت سەردانیەکی ئەمستردامم کردو بەسەر ئەوەدا چووم کۆمەلێکی کەم لە هاورێ کوردەکانی ئەوێ بۆ هەمان مەبەستی کارەساتەکەی کوردستانی عێراق دەچونە بەردەم سەفارەتی سۆڤیەت لەئەمستردام یاداشتێکی نارەزاییان بە ئامادەبونی چەند یەکێك لە بەشەکانی میدیای هۆلەندی بیدەن بە سەفیری سۆڤیەت. بەو رۆژە باراناویە هەرچەندە زۆر وەستابوون و لە دەرگایان دابوو نەك هەر لێیان نەکردبونەوە، بەلکو بۆ ئەو ماوەیە لەبەر ئەم هۆیە دەرگایان هەر داخستبوو بۆ میوانیش. بە ناچاری نامەکەیان هەلدابوە ناو باخەکە و کە دوور کەوتبونەوە کارمەندێکی سەفارەت لە درزی دەرگاکەوە چوبوە ناو باخچەکەو نامەکەی هەلگرتبو. لەسەر ئەم چەند نمونە کەمە دەتوانیت سەرجەم سیاسەتی دەرەوەی ئەم ولاتانەی کەخۆیان بە سۆشیالیزم و سەر بە بلۆکی رۆژهەلات ناودەبرد هەلبسەنگێنیت بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە سۆشیالیزم وەك فکر رەد بکرێتەوە. پەیوەندی مۆسکۆ لەگەل حکومەتەکانی عێراق بەتایبەت لەگەل بەعس پەیوەندیەکی باش بووە. سیاسەتی سۆڤیەت هەر لەسەردەمی قەیسەری روسیاوە هەتا ئەمرۆکە روسیا بەرامبەر بە کورد باش نەبوە. ئەو سۆڤیەتەی کە ئالای ئینتەرناسیۆنالیزمی هەلگرتبوو تەنیا بایەخی بە پەیوەندی نێوان دەولەتان داوە نەك بە بزوتنەوە رزگاریخوازەکانی "جیهانی سێ" یان ئەوانەی تریش لەهەر کوێیەکی ئەم دنیایە بوبن. هەموو سیاسەتێکی دەرەوەی سۆڤیەت تەنیا لەخزمەتی دەولەت بووە. رۆژنامەی پراڤدای زمانی رەسمی حیزبی شیۆعی سۆڤیەت لە1963 دەنوسێت

که حه‌ره‌س جمهوریه‌کانی حیزبی به‌عس له‌عێراق له‌سه‌ر شێوه‌ی چه‌ته فاشسته نازیه‌کانی غه‌ستابۆ دروست کراون که‌چی هه‌ر هه‌مان سۆڤیه‌ت به ده‌یان سالیش باشترین په‌یوه‌ندیی له‌گه‌ل حکومه‌ته دوابه‌دوای یه‌که‌کانی عێراق هه‌بوو به تایبه‌ت به حیزبی به‌عسه‌وه‌و به چه‌ك و به‌سیاسه‌ت پشتگیریان لێکردن بێگوێدانه سروشتی ئه‌م لایه‌نه‌و بێگوێدانه ئه‌وه‌ی که کۆمونیسته‌کان ده‌گرن و ده‌کوژن وئیباده ده‌که‌ن وبێئه‌وه‌ی گوێ بده‌نه ئه‌وه‌ی که چ سیاسه‌تێکی قرکردن به‌رامبه‌ر به کورد پیاده ده‌کرد وه‌ك گه‌لێکی چه‌وساوه که بۆ مافه‌کانی خۆی خه‌باتی کردوه. به‌لێ ئه‌مه‌یه واقعی جیهانی دوێنێ و ئه‌مرۆ که جیهانی به‌رژه‌وه‌ند په‌رستیه‌ت بوه.

## به‌عسیه‌کان له‌ئه‌وروپا که‌وتنه‌وه خۆ رێکێخستن

به‌عسیه‌کان دوای 35 سال له‌سیاسه‌تی تیرۆر و کوشتنی به‌کۆمه‌ل و وێرانکردن و سه‌رگه‌ردانی کردن و ده‌ربه‌ده‌رکردنی گه‌لانی عێراق رژێمه‌که‌یان قلپ بۆوه به‌سه‌ریانداو هه‌لاتن. به‌شێکیان هه‌لاتنه سوریا و چه‌ند ولاتێکی رۆژهه‌لاتی ناوه‌راست، به‌شێکیان هاتونه‌ته ئه‌وروپا. ئه‌مانه له‌گه‌ل به‌عسیه کۆنه‌کانی ئه‌وروپا سه‌رقالی خۆ رێکخستنه‌وه‌ن پێکه‌وه له‌گه‌ل هه‌ندێ له‌گروپه ئیسلامیه توندره‌کانی وه‌ك القاعده و به‌هاوکاری فه‌له‌ستینیه‌کان و عه‌ره‌به ناسیۆنالیسته‌کان. ئێواره‌ی 2004/3/10 له‌شاری کۆلنی ئه‌لمانیا کۆبونه‌وه‌یه‌کیان ساز کرد که‌ژماره‌یه‌کی به‌رچاو ئاماده‌ی بوون که‌جگه له‌هه‌ندێ ئه‌لمانی ساده، به‌لام لایه‌نگرانی به‌عس و گروپێکی چه‌پی توندره‌وی ئه‌لمان به‌ناوی گروپی دژ به‌ئیمپریالیزم، توده‌ییه‌کانی ئێران، بێگومان موجاهیدینی خه‌لق و فه‌له‌ستینی و کۆنه به‌عسیه‌کان. ئێمه‌ش کۆمه‌لێك کوردی دژ به‌رژێمی به‌عس. دروشمه‌که‌یان داگیرکه‌ری ئه‌مریکا بۆ ده‌ره‌وه له‌عێراقدا. گروپه گێره‌شێوێن و تیرۆریسته‌کان و به‌عسیه‌کانی ناوعێراقیان به (مقاومه) و شۆرشگێر له‌قه‌له‌م ئه‌دا. حه‌مله‌یه‌کیان ده‌ست پێکردبوو بۆ کۆکردنه‌وه‌ی پاره هه‌ر نه‌فه‌رێك به ده (10) یورۆ بۆ پشتگیری له‌ئه‌وه‌ی ئه‌وان ناوی ده‌نێن به "مقاومه" له‌عێراق دژ به ئه‌مریکاو مجلس الحكم و ئه‌وانه‌ی دژ به‌به‌عسن. بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش حیسابی تایبه‌تی بانقیان کردۆته‌وه بۆ پشتگیری مادی له‌م بره پاره‌یه و به‌ناوی 10 یورۆ بۆ پشتگیری "مقاومه" بۆ عێراقێکی ئازاد به‌سه‌دان ئیمزایان کۆکردۆته‌وه له‌ولاته‌کانی ئه‌وروپا. لیستی ئه‌و که‌سان و رێکخراوانه‌ی که ئیمزایان کردوه + ژماره‌و ناوی حیسابی بانق له گۆڤارێکدا بلاوی کردبۆوه له‌ژێر ناونیشانی گه‌لی عێراق له‌راپه‌ریندا. نیوه‌ی گۆڤاره‌که به‌زمانی تورکی نوسراوه که‌بریتیه له هه‌مان ناوه‌رۆکه ئه‌لمانیه‌که. ئه‌و بره چه‌په ده‌مارگیره‌ی

نوێنەرایەتی ئەم هێلە دەكات رۆژنامەیەك لەئەلمانیا دەردەكەن بەناوی (یونگە ڤێلت JUNGE WELT). بابەتێكیان بلاو كردبۆوە كەگوایە سەدام حسێن نەبوە كەچەكی كیمیایی دژ بەكورد لەهەلەبجە بەكار هێنابێت. من بابەتێكی تێروتەسەلم بەزمانی ئەلمانی دژ بە بابەتەكەیان نوسی بەلام بلاویان نەكردەوە. بەلام سایتێكی تری ئەلمانی بلاوی كردەوە سەر بە مێدیكۆ ئینتەرناشنال. ئەمانە بەبەیان و پۆستەر ئیعلانی چەند چالاكیەكیان كردبو بۆ رۆژی 3/20 لەچەندین شوێنی جیاوازی شاری كۆلنی ئەلمانیا لە كاتژمێری دووی پاش نیوەرۆ بەدواوە لە (رۆنسالیاپلاتس) وچەند شارێكی تری ئەلمانیاو ئەوروپا بۆ نمونە خۆنیشاندانێكی هاوبەش لەشاری دوسبورگ/ ئەلمانیا لەشەمەی بەرواری 2004/3/20 لەكاتژمێر یانزە و نیو لەدێل پلاتس. لایەنە ئەلمانە فاشیەكان گۆڤارێكیان بۆ ئەم پشتگیری و پرۆپاگاندانە نوسیوبوو بە چل لاپەرە كە نیوەی گۆڤارەكە هەروەك ئاماژەم پێدا تەرجومەی سەر زمانی توركی كراوە. داخۆ هۆی ئەم تەرجومە كردنە بۆ زمانی توركی لەچیدا بێت؟ ئەم بەعسیانە و هاوپەیمانەكانی بەناوی (الجبهە الوتنیە العراقیە) كاریان ئەكردو چەند دروشمێكیان كردبوە بەرنامەی كارەكانیان وەك: داگیركردنی عێراق لەلایەن ئەمریكاوە ناگونجێت لەگەل یاساكانی مافی گەلانداو ئاماژە بۆ یاساكانی نەتەوە یەكگرتوەكان دەكەن و موعاناتی خەلكی عێراق وەك چەكێكی عاتفی بەكار دەهێنن، هەروەك خۆیان هەرگیز یاساكانی دونیایان پێشێل نەكردبێت و گەلانی عێراق و هاوسێكانیان تیرۆر نەكردبێت. سەرۆكی ئەم بەرەیە ئەو كاتە بریتی بوو لە عبدالجبار الكبیسی.

## عبدالجبارالكبیسی كێیە

یەكێكە لە ئەندامە سەرەتاییەكانی حیزبی بەعس. ئەم كەسە بەعسیە پاش سالی 1968 و دەسەلاتی احمد حسن البكر و پاشان سەدام حسێن كەوتە ناكۆكیەوە لەگەل سەركردایەتی ناوچەیی (القیادە القتریە)ی حیزبی بەعس و تا لەكودەتاكەی سالی 1973 كە محمد عایشی تێدا گیراو هەلواسرا ئەمیش لەگەل چەندین سەركردایەتی بەعس رای كرد بۆ سوریا. عبدالجبار الكبیسی لەهەلبژاردنێكدا لەنێوان بەعسیەكانی ناسراو بە (بالی چەپ)، بوو بە سكرتێری ئەو بالەی بەعس. لەسالی 1979 بەناوی (حازم)ەوە لەسوریا لەسەركردایەتی قوتری عێراقدا كاری دەكرد. لە 1980/11 نوێنەرایەتی بالی چەپی بەعسی دەكرد لەپێكهێنانی (بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی دیموكراتی) (الجبهە الوتنیە والقومیە الدیموقراتیە) كە لەنێوان یەكێتی وپارتی بەعسی چەپ و حیزبی شیۆعی و بزوتنەوەی عەرەبی سۆسیالیست و پارتی سۆسیالیستی

عێراقی کرا. ئـەم کەسـە لـە 4/ 1980 لـەبارەگای سـەرکردایەتی یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان لەناوزەنگ لەیادی دامەزرانـدنی حیزبـی بـەعس دا لەبەشـێکی وتارەکەیـدا دەلێـت: "بـۆ مێـژوو دەلێین گەر ئێمە هاتینە سەر حوکم لەعێراق دا ئێمە ددان بەمافی کورد دا دەنێین لەجیابوونەوە و سەربەخۆیی حوکمی خۆیاندا"، ئەمە لەپاش دەرچوونی ژمارە 4625 ی رۆژنامەی (سـەفیر)ی لوبنانی لـە 1987/4/16 دا کەپشـت بەسـتوبوو بەبابەتەکـەی نەوشـیروان مسـتەفا لـە رۆژنامـەی لۆمۆندی فەرەنسیدا سەبارەت بە ئایندەی عێراق. لەهەموو شۆڤێنیەکان شـۆڤێنی تـر هێـرش و پەلاماری شۆڤێنیانەی خۆی دەسـت پێکـرد بـۆ سـەر کـوردو کوردسـتان. ئـەم (تێکۆشـەرە؟؟) ئۆپۆزیسیۆنە عێراقیە لەسالی 2001 دا لەسەر داخوازی سەدام حسێن گەرایـەوە عێـراق و لـەژێر چەتری سەدام دا، بەناو بـوو بەبـەرەی ئۆپۆزیسـیۆنی عێراقـی لـەژێر چـەترو یاسـاو دەسـەلاتی رژێمـی سـەدامی دیمـوکراتی ئـاخر زەمانـدا. ئـەمرۆش وەك پەنابـەرێکی سیاسـی دوای روخـانی رژێمـی سـەدام لەفەرەنسـایەو لـەناو ئـەوروپادا خـەریکی کۆکردنـەوەی هـەموو لایەنەکانـە وەك (القاعیـدە، انسـار الاسـلام، انسـار السـنە، مجاهیـدینی خـەلق و فەلەسـتینیەکان و کۆنـە بەعسـیەکان) لـەژێر چـەتری (مقاومـە الامپریالیـە الامریکیـە و حلفـائهم) لەئـەلمانیاو نەمسـا و فەرەنساو بەریتانیا).

## یەکێك لە بنکەی ئەلمانیای بەعسیەکان

یەکێك لەو بەعسیانەی کەسالانێکی زۆرە لەئەلمانیا بۆ رژێمـی بـەعس چـالاك بـووەو پەیوەنـدی نزیك و تەسکی بەسەرکردایەتی رژێمی بەعسـەوە هـەبوە لـەعێراق و لـەنێوان بەغـداو ئـەوروپادا راکەراکی بوو، ئێستەش بەشێکە لەم بەرنامەیەی بەعس برتیە لە (د.عزیز القزاز) کەلەئینسـتوی ئـەلمانی بـۆ لێکۆلینـەوەو توێژینـەوەی رۆژهـەلات لەشـاری هامبورگــ دەسـت بـەکاربوو. دوای رەخـانی بـەعس حکومـەتی ئـەلمانیا ئـەم و پرۆفیسـۆر شـتاینباخی سـەرۆکی ئینسـتیتوتەکە دەرکرد بەلام دوبارە دەلێم دوا روخانی بەعس. بەر لەماوەیەك رێکخـراوی ناسـراوی خێرخـوازی ئەلمانی (رێکخراوی بـەرگری لەگەلـە هەرەشـە لێکراوەکـان، GESELLSCHAFT FUE BEDROHTE VOELKE) نامەیـــەکی کـــراوەی رەسمـــی بـــۆ حکومـــەتی ئـــەلمانیا نـــاردو تێیـــدا ســـەرنجی کاربەدەستانی ئەلمان بۆ ئەوە رادەکێشێت کە سەبارەت بەددان نان بەمافی پەنابەرانی عێراقـی کەزۆربەی بریتی بوە لەکوردی عێراق پرس بە عزیز القـزاز کـراوەو هەلسـەنگاندنی ئـەم بەهەنـد وەرگیراوە، ئەمەش بۆتـە هـۆی ئـەوەی کەچـەندین سـالە رێـژەی ددان نـان بـەمافی پەنابـەرانی عێراقی بەتوندی هاتۆتە خوارەوە. هەروەها رێکخراوە خێرخوازە ناوبراوەکەی سەرەوە ئاماژە

بۆ ئەوە دەکات کە القزاز کۆنە بەعسیەو پیاوی رژێمەو جگە لەپرۆپاگاندە بۆ بەعس و سەدام حسێن سالانێکی زۆرە جاسوسی بەسەر پەناهەندەو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیەوە دەکات. عزیز القزاز سالانێکی زۆرە رێکخراوێکیان هەیە بەناوی (رێکخراوی هاوکاری نێوان عەرەب و ئەلمان) کە بە پارەی زەریبەی ئەلمان خەرجیی دەکرێ بەلام لەراستیدا رێکخراوێکی بەعسیانەیەو سەرۆکەکەی کە ئەم القزازەیە بەردەوام لەنێوان بەغداو ئەلمانیا راکەراکی بوو. ئەم بەعسیەو رێکخراوەکەیان لەگۆڤاری DER SPIEGEL دێر شپیگلی ناسراوی ئەلمانی بەرواری 2003/2/17، ژمارە 8، لاپەی 36-37،) بەر هێرشێکی توندی نوسەرێکی ئەلمان کەوتوەو لەنوسینەکەیدا روونی کردبۆوە کە ئەمانە لەژێر ناو و چەتری تردا ئەم کارە سیاسیانە ئەنجام ئەدەن بۆ سیخوری و بەرژەوەندی رژێمی بەعس.

دەبوایە بەرپرسانی ئەو کاتەی عێراق بە فەرمی ئاگاداربکرایە کە ئەوان کاریەدەستانی وەزارەتەکانی ناوخۆی ئەلمان و ئەوروپا ئاگاداربکرانایە سەبارەت بەم دیاردە خەتەرناکەو گەشەکردنی. ئەمانە لە ئەوروپا نیشتەجێبوون و داوای پەناهەندەیان دەکردو بەم رێگایەوە دەبنە خاوەن ئیقامەو مانەوەو ئازادی ئەم ولاتانە بەکار دێنن بۆ مەبەستی کاری سیاسی و رێکخراوەیی و هاوتوچۆو لۆجیستیکی. پێوستە لێرەدا جالیەی عێراقی لەدەرەوە، لەئەوروپاو لەولاتەکانی تری رۆژهەلات ئاگاداری ئەمانە بن لە کارو نەخشەو چالاکی و پەیوەندیەکانیان، سالانیکی زۆر تیرۆری ئێمەیان کردوە لە ناوەوەو لە دەرەوەی عێراق.

## ئەم کێشەیەو هەلوێستی حیزبی شیۆعی عێراقی

لەم هاوکێشەیەدا پێویست بوو حیزبی شیۆعی عێراقی هێلی سیاسی خۆی راست بکردایەتەوە: بەرەی پشتگیری بۆ "مقاوەمە"ی عێراقی لەگۆڤارەکەدا (2003/12) چاوپێکەوتنێکیان لەگەل کەریم ئەحمەد بلاوکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی (ئێمەی کۆمۆنیستەکانی عێراق بەشداری دەکەین لەگەل "مقاوەمە"دا بێ سەرۆکایەتی کۆنەپەرستانی حیزب". لەبەرواری 2004/1/15 شیۆعیەکان وەلامێکی ئەمانەیان داوەتەوەو نوسیویانە کە ئێمە پرسیارمان لەحیزبی شیۆعی عێراقی کردوەو وتویان کە ئێمە ئاگاداری شتی ئاوها نین. کەواتە دیارە هەر خۆیان پشتگیریەکەیان نوسیوەو هەر خۆشیان بۆ رای گشتی بەناوی رێکخراوەکەوە رەتیشی دەکەنەوە. من بەوەدا ئەم گومانەم هەیە چونکە لەچالاکی پشتگیری لە"مقاومە"ی عێراقی رۆژی 3/20 لەشاری کۆلن بەرپرسێکی حیزبی شیۆعی (ماجد الختیب) کە لەهەمان شەوی

كۆرەكـه یـەكێك بـوو لـه سەرشـانۆی وتوویـژ، یەكێكـه لەقسـەكەرانی ئـەو رۆژەو نـاوی لەسـەر پۆستەرەكە نوسراوە. هەرچەندە هەلوێست لەو شەوەدا سەبارەت بە رژێمی عێراقـی نەگـەتیڤ بوو لەلای حشع، بەلام لەوە دەچێت تاكتیكێكیان گرتبێتە بەر كە وەك هەمیشە خستونیەتە ناو گێـژاوەوە. وەك پـارتێكی كۆمونیسـت دەیانـەوی دژ بـە ئـەمریكاو هاوپەیمانـەكانی بوەسـتن لەعێراق و بۆ ئەم مەبەستە دەیانەویٚ لەگەل پارتە شیۆعیەكانی ئەلمانیاو دەرەوە كـار بكـەن و نەكەونـە ژێـر فشـارو دۆرانـدنی دەموچـاوی ئایدیۆلۆجیـەوە، لەلایـەكی تـرەوە بەشـداربوون لـە ئەنجومەنی حوكم و ئەو بارودۆخەی ئە كاتەدا، بەواتا لەگەل ئەمریكادا وەك هێزەكانی تر لەیەك بەرە یەكتریان دەگرتەوە. ئەمە هەمیشە هەلوێست و سیاسەتی حیزبی شیۆعی عێراقی بووە.